جۆرج تەرابیشی و لێکشیتاڵکردنی

# ئایدیۆلۆجیای هاوچەرخی عەرەبی

هاشم ساڵح

## جۆرج تەرابیشی و لێکشیتاڵکردنی

# ئایدیۆلۆجیای هاوچەرخی عەرەبی

وەرگێڕانی:

شوان ئەحمەد

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

هاشم ساڵح
جۆرج تەرابیشی و لێکشیتاڵکردنی ئایدیۆلۆجیای هاوچەرخی عەرەبی
وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٩٣
چاپی دووەم ٢٠١٢
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٦٥٠ - ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

ژپنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-62-1

## پێڕست

### بەشی یەکەم

جۆرج تەرابیشی و لێکشیتاڵکردنی ئایدیۆلۆجیای هاوچەرخی عەرەبی ............ 7
گوناهبارکردنی سەردەمی ڕێنیسانس، وەک سەردەمی کرێگرتەیی بۆ خۆرئاوا... 20
شەڕ لەگەڵ حەسەن حەنەفی ........................................................ 26

### بەشی دووەم

ڕۆشنبیرانی عەرەب و کەلەپوور... ........................................................ 29
١. خستنەڕووی ئیشکالییەتێکی گشتی: بە ئایدیۆلۆجیکردنی کەلەپوور ............... 40
٢. مشتومڕ لەگەڵ زەکی نەجیب مەحموود ........................................ 46
٣. مشتومڕ لەگەڵ محەمەد عابد جابری ........................................ 57
٤. بەرەو داماڵینی ئەفسانە و ئایدۆلۆجیا لە کەلەپوور ........................ 69

بەشی یەکەم

# جۆرج تەرابیشی و لێکشیتاڵکردنی ئایدیۆلۆجیای هاوچەرخی عەرەبی

دەکـرێت بڵـێین ئەو تێـزە و لێکدانەوانەی لە کـتـێـبی (نـەخـۆشکەوتن بە خـۆرئاوا)ی "جـۆرج تـەرابیـشی"دا هەن، دەتوانن یارمـەتیـمـان بدەن بۆ تێگەیشتن لە هۆکاری ئەو داخـرانە مـێـژووییـەی لە ئێـسـتـادا دووچاری هاتووین. ئەگـەر زۆربەی زۆری تـوێژی رۆشنبـیـرانی ئێـمـە، تووشی پەتای دژایەتیکردنی شارستـانییـەت و مۆدێرنـەی خۆرئاوا هاتبن، ئەی بۆ خـەڵکانی ئاسـایی چی بڵێین؟ ڕەنگە ئەو مـیـتـۆدی دەروونشـیکارییـەی "تەرابیشی"، بۆ شـرۆڤـەکردنی هۆکـارەکانی پاشـەکشـەکردنی عـەرەب بـەکاری هێناوە، زۆر بەلامانەوە پەسـەند نەبێت، بەڵام ئەمـە هیچ لە مەسـەلەکە ناگۆڕێت. کتێبەکەی ئەو بە هـەردوو بەشـەکـەیەوە[1]، دەکـرێت بخـوێنرێتـەوە، بەبـێ ئەوەی تەواوی تێرمەکانی دەروونشیکاری وەکی خۆیان وەربگرین.

"تەرابیشی" وەکی توێژەرێک، مـێژوونووسـێکی بە توانای مـێژووی هزرە و دەزانێت چۆن دەست دەخاتە سـەر چەمکە سـەرەکیەکانی هـەر نووسـەر و هـەر ئاقارێکی فیکری و فەلسـەفی. هاوکات لەبەر ئەوەشی ئاشنایەتییەکی باشی لەگەڵ رۆشنبیریی عەرەبی و بیانیدا هـەیە، ئەوا دەتوانێت بیرو بۆچوونی هـەر نووسـەرێک کـە بیـەوێت، تـاوتوێ بکات و زۆر لێـهـاتووانـەش خـاڵە بەهێـز و لاوازەکـانـی ئاشکرا بکات. لە دووەم بەشی پـڕۆژەکـەیدا، بەم جـۆرە سـەودا لەگەڵ "د. حەسەن حەنەفی"دا دەکات. لە دواییدا دێینە سـەر باسی ئەمە.

ئەم کـتێـبـەی "تـەرابیـشی" بـە بەرگی یەکـەم و دووەمـیـەوە، پانۆرامـایەکی

گشتیمان لەبارەی گوتاری ڕووناکبیرانی هاوچەرخی عەرەب و تێزە و بیر و بۆچوونەکــانیــان بەردەست دەخــاتەوە. ســەرەتاش بەر لەوەی بکەوێتــە لێکشیتاڵکردنیان و بەستنەوەیان بەو سیاقە مێژووییەی تێیدا دروست بوون و ڕەگــوڕیشـــەیان ئاشکرا بکات، گــوتار و تێــزە و تیــۆرەی ئەو ڕۆشنبیرانە بەرچاو دەخات. بەم کارەشی خزمەتێک بە خودی ڕووناکبیرانی عەرەب و خوێندکارانی خوێندنی بالاّ و تەنانەت خوێنەری ئاساییش دەکات، کە دەیەوێت بزانێت ڕووناکبیرەکانمان چۆن چۆنی بیر دەکەنەوە و بۆچی وەها بیر دەکەنەوە و یان بزانێت جیاوازی نێوانیان چییە و. .. هتد.

هاوکات "تەرابیشی"بۆ زیاتر گەیاندنی مەبەستەکەی، ئەو ڕووناکبیرانە پۆلێن دەکات و دەیانکات بە چەند بەشێکەوە. بۆ نموونە یەکەم شت بە ڕووناکبیرە ئەقلاّنییە ڕاستەقینەکان دەست پێ دەکات، ئەوانەی هیچ سازشێک لەگەڵ ئایدیۆلۆجیای ئاژاوەگێڕیدا ناکەن، نموونەکانیان وەک: "تەها حسێن" و "فوئاد زەکەریا". لە لاپەڕە ١٠٢ بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا دەڵێت: (فوئاد زەکەریا دواین پارێزەری ڕێبازی ئەقلاّنییەتە لە دنیای ئێمەدا). پۆلێکی تری ڕووناکبیران، سەلەفییە تاریکخوازەکانن، لە شێوەی "شێخ محەمەد متوەلی شەعراوی" و کەسانێکی تر کە لە ئەژماردن نایەن. هاوکات سەلەفییەتی ڕۆشنگەریشمان هەیە کە "تەهتاوی" یەکەمین ڕابەری بوو، دەکرێت "محەمەد عەممارە"ش (لە قۆناغی سەرەتایدا) لەسەر ئەم خەتە حــســاب بکرێت، بەر لەوەی هەڵگەڕێتــەوەو وەکــو "ڕاشــد غــەنووشی" و کەسانێکی تر ببێتە سەلەفییەکی پەتی. هەروەها سەلەفییەتی مۆدێرنیشمان هەیە، بە شێوازی "مونیر شەفیق" و "وەجیە کەوسەرانی". لێرەدا نابێت سەلەفییەتی چەپڕەویشمان لە یاد بچێت بە شێوازی "حەسەن حەنەفی"، یاخۆ سەلەفییەتی میللیگەرا بە شێوازی "بورهان غلیون"، یان سەلەفییەتی بەسیاسیکراو بە شێوازی "عیسمەت سەیف دەولە"، یاخۆ سەلەفییەتی نیشتمانی دوور لە مەزهەبگەرایی، بە شێوازی "تاریق ئەلبشری" و... هتد.

هەموو جۆرەکانی فێندەمێنتالیزم زۆر بە وردی و بە چاکی لێرەدا باس کراون، ئەگەرچی جیاکردنەوەیان لە یەکتری هەندێ جار ئەستەمیشە، جگە لە فێندەمێنتالیزمی تاریکخواز نەبێت کە ئاشکرایە و دژایەتیکردنی بۆ شارستانییەت و مۆدێرنە، ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە. هەرچۆنێک بێت پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە: (ئایا گەڕانەوەی ڕۆشنبیرانی عەرەب بۆ سەلەفییەت واتە بۆ میراتی کۆنی ئاینی، دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری دەروونی – نەخۆش، یاخۆ هۆکاری کۆمەڵایەتی – مێژوویی – سیاسی لە پشتە؟). بێگومان نووسەر ئەگەری یەکەمیان بەڕاست دەزانێت، بەڵام بێئەوەی گرینگیی هۆکاری دووەمیان فەرامۆش بکات. ئەگەر نسکۆی پێنجی حوزەیرانی ١٩٦٧ نەبوایە، نە ئەم گەڕانەوە چڕە بۆ رابردوو دەستی پێ دەکرد و نە تەرێزکردن لە سەردەمی ڕێنیسانس و دژایەتیکردنی شارستانییەتی نوێی خۆرئاوا توخ دەبووەوە.

بەڵام "جۆرج تەرابیشی" بە وردی کار لەم مەسەلەیەدا دەکات و دووپاتی دەکاتەوە کە ئەو مەبەستی ئەوە نییە، ڕۆشنبیرانی عەرەب لەسەر کلینکی دەروونشیکاری ڕابکێشێت، بگرە تەنیا دەیەوێت ئەوە لەگەڵ گوتارەکانیاندا بکات! بەڵام داخۆ ئەمە کارێکی بەجێیە؟

بەبۆچوونی ئەو، ئەوەی دووچاری نەخۆشی نیرڤۆسی کۆمەڵایەتی بووە، گوتاری ڕۆشنبیرییە نەک ڕۆشنبیران خۆیان. بەڵام من نازانم چۆن دەبێت گوتار نەخۆش بێت، یاخۆ چۆن دەکرێت بەو شێوەیە گوتار لە خاوەنەکەی جیا بکەینەوە؟ لێرەدا دان بەوەدا دەنێم کە بەڵگەو بەهانە زۆر ئاڵۆز و دژوارەکانی ئەو لەسەر ئەم مەسەلەیە، قەناعەتی تەواویان پێ نەکردم. پێم وایە پیسکۆلۆجیای جەماوەری یان پیسکۆلۆجیای دەستەجەمعی بە زاراوەکەی "گۆستاڤ لۆبۆن"، زیاد لە پیسکۆلۆجیای تاکەکەسیی "فرۆید"، بەسەر ڕۆشنبیرانی عەرەبدا دەچەسپێت. من کە ئەمەش دەڵێم، دەزانم

"فرۆید" بۆ خۆی هەندێ توێژینەوەی بۆ پیسکۆلۆجیای جەماوەری تەرخان کردبوو، وەکو "جۆرج تەرابیشی"ش باس لەوە دەکات.

رۆشنبیرانی عەرەب دوای شکستی حوزەیرانی ٦٧، پەرچەکرداری دەستەجەمعییانەیان هەبوو، کە جیاوازی ئەوتۆی لەگەڵ پەرچەکرداری جەماوەری عەرەبیدا نەبوو. پیسکۆلۆجیای دەستەجەمعی پێمان دەڵێت، جەماوەر بە شێوەیەکی ناخودئاگایانە کار دەکات. تاکە کەسیش هەر کاتێک تێکەڵ بە جەماوەر بوو، بە شێوازێک ڕەفتار دەکات جیاوازە لەوەی ئەگەر هەر خۆی بە تەنیا بێت. (بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم مەسەلەیە، بڕوانە کتێبەکەی گۆستاف لۆبۆن: سایکۆلۆجیای جەماوەر، کە ئێمە وەرمانگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و لەلایەن خانەی ساقییەوە چاپ کراوە).

کەواتە ئەو رۆشنبیرانەی "تەرابیشی"، تاوتوێی گوتارە ئایدیۆلۆجییەکانیان دەکات، تەواو دژی سەردەمی ڕێنیسانسی عەرەبی و شارستانییەتی مۆدێرنەن بە گشتی، ئەوانەن دوای ئەوەی بوون بە جەماوەرێکی ئاژاوەگێڕ و بێسەروبەر و تەواوی ئاگایی و هۆشیاری خۆیانیان لەدەست دا و بوون بە بەشێک لە جەماوەر، هیچ خاڵێکی جیاوازی و لێکجیاکەرەوە لە نێوان ئەوان و جەماوەردا نەماوە. لەبەرئەوەی جەماوەر لە خۆرئاوا و کۆڵۆنیالیزم و ئیمپریالیزم داخ لە دڵ بوو، ئەوانیش بە هەڵچوون و کەفوکوڵێکی زۆرەوە هەڵوێستیان لە خۆرئاوا وەرگرت و هەموو رۆحێکی ڕەخنەیی و مەیلێکی ئەقڵانیی دروستیان لەدەست دا. کەواتە ئیتر پێویست بەو زاراوەگەلە بێشومارەی دەروونشیکاری ناکات کە زۆربەی تایبەتە بە سێکس، وەک: (ڤالوس و خەساندن و سروشتی کۆمی و... هتد)، لە پێناو حاڵیبوون لەو پەرچەکردارەی لە دوای شکستی پێنجی حوزەیراندا دروست بوو.

پێموایە ئەم کتێبە ئەگەر ئەم زاراوانەشی تێدا نەبوایە، هیچی لە نرخی خۆی کەم نە دەکرد. چونکە توانای زۆری زانستی و فەلسەفی "جۆرج تەرابیشی"، بەس بوون بۆ ئەوەی وەڵامی پڕاوپڕی نەیارەکانی بداتەوە و ئایدیۆلۆجیای عەرەبیش سەرلەبەر شیتاڵ بکات. ئەمەش بە ئاشکرا لە زۆربەی زۆری بەشەکانی کتێبەکەیدا دەبینین، بە تایبەت کاتێک دێتە سەر باسکردنی بۆچوونە ناکۆک و دژ بە یەکەکانی "د. حەسەن حەنەفی". ئەو بۆچوونە ناکۆک و دژبەیەکانەی ئەویش بەرەنجامی نەخۆشییەکی دەروونی یاخۆ نیرڤۆسییەکی دەستەجەمعی نییە، بگرە پێوەندی بە بارودۆخێکی مێژوویی تایبەتییەوە هەیە. لەبیرمە کاتێک "حەسەن حەنەفی"م بینی، بە دەنگی بەرز بانگی لێ کردم (تەنانەت بەر لەوەی سڵاویشم لێ بکات)، وتی: (من وەک ئەرکۆنی برادەرت نیم! ئەو دەتوانێت چۆن حەزی پێیەتی و چۆنی دەوێت، کەلەپووری ئیسلامی شرۆڤە بکات و هەڵی بووەشێنێت، چونکە ئەو لەسەر لێواری ڕووباری سین دانیشتووە و ترسی هیچ شتێکی نییە. بەڵام من لەسەر لێواری ڕووباری نیل دەژیم و شەقام و فێندەمێنتالستە تەقلیدییەکانیش لە هەموو لایەکەوە تەوقیان داوم). پێموایە هەقیەتی کە وا دەڵێت و قسەکەی لە جێی خۆیدایە.

ئەو ناکۆکییە گەورەیەی "حەسەن حەنەفی" تێ کەوتووە، بە ناچاری بووە، لەبەرئەوەی ویستوویەتی خۆی لەو بەڵایە لابدات. "تەرابیشی"یش دوای ئەوەی لە ئەژمارکردنی ناکۆکییە زۆر و زەوەندەکانی دەبێتەوە، بەوپەڕی زیرەکی و ئەمانەتەوە باس لەم حاڵەتەی "حەسەن حەنەفی" دەکات. ئیتر کەواتە لێرەدا چ پێویست بە بەکارهێنانی میتۆدی پزیشکی دەروونی دەکات؟ مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان، لە سەروو هەمووشمانەوەن. من بۆ خۆم ئەگەر لە وڵاتانی عەرەبیدا بژیامایە، هەرگیز نەمدەتوانی چارەکی ئەو شتانە بنووسم کە لێرە لە پاریس نووسیومن. تەنانەت نەشم دەوێرا ئەو شتانە وەربگێڕم کە تا ئێستا وەرمگێڕاون.

دەبێت ئەوە بزانین ڕۆشنبیر مەحکوومە بەو ژینگە و هەلومەرجە مێژووییەی تێیدا دەژی. هەر لەبەرئەوەشە ڕۆشنبیرانی ئێمە ڕوو لە دەرەوە دەکەن، بۆ ئەوەی بە ئازادی بیر بکەنەوە و وا بکەن ڕووبەری ئەو شتانەی ئەستەمە بیریان لێ بکرێتەوە، بەرتەسک بکەنەوە. لە کۆندا سۆسیۆلۆجیستی فرەنسایی "ئەمیل دۆرکهایم" دەیوت: (کۆمەڵگە خوایە یاخۆ خوا کۆمەڵگەیە). کاتێکیش کۆمەڵگە حەقیقەتە سۆسیۆلۆجییە قورس و گرانەکانی خۆی فەرز دەکات، وەی بە حاڵی ئەوەی دژایەتی دەکات و گوێی پێ نادات.

لەم ماوەی دواییدا سەردانێکی وڵاتی مەراکیشم کرد و لە شاری (صویرە)دا، چاوم بە خوێندکارێکی ئەو وڵاتە کەوت کە فەلسەفە دەخوێنێت و حەزی پێیەتی. لەبارەی چەند مەسەلەیەکی ڕۆشنبیریی عەرەبی کەوتینە گفتوگۆکردنەوە. لێم پرسی: (لێرە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی لەسەر کەلەپووری ئیسلامی دەکرێت؟). حەپەسا و بە شڵەژانێکەوە سەیری کردم و پاشان وەڵامی دامەوە و وتی: (مەبەستت چ لێکۆڵینەوەیەکە؟ ڕەخنە لە ئاین ناگیرێت. قورئان و سوننە لەسەروو ڕەخنە و مێژووەوەن و هیچ میتۆدێکی ئینسانییان بەسەردا پراکتیزە ناکرێت). ئەم وەڵامدانەوەیەیم پێ سەیر بوو. زانیم بە کەڵکی مشتومڕ و گفتوگۆ نایەت و هەر واشم کرد. بێدەنگ بووم و کۆتاییم پێ هێنا، چونکە نەمەویست تووشی شۆکی بکەم و باوەڕی بەو شتانە لەق بکەم کە ملیۆنەها خەڵکی موسڵمان قەناعەتی تەواویان پێی هەیە. ئەو کات زانیم مرۆڤ لە ئەوروپادا بژی چ مانایەکی هەیە. بۆیە دەبێت سەروەختێک سەفەری دەرەوە دەکەم، ئەوەم لە بیر نەچێت کە من ماوەی سی ساڵە لە خۆرئاوا دەژیم. لە دڵی خۆمدا وتم: ئەگەر نەهاتمایە بۆ ئەوروپا، منیش ئاوا وەکی ئەو کوڕە باشە بیرم دەکردەوە.

ژیان لە ئەوروپا، واتە بوونی فەزایەکی ڕۆشنبیری ئازاد، فەزایەک بواری

ئەوەت بۆ دەرەخسێنێ باس لە هەموو شتێک بکەیت، تەنانەت مەسەلەی خوا خـۆیشی، واتـە مـەسـەلەی بوون و ئـەو ناکـۆکی و دژایەتیـیـانەشـی لە بۆچوونەکـانی "حـەسـەن حـەنەفی"دا هـەن و "تـەرابیـشی" بە درێژاییی بەشی دووەمی کـتـێـبـەکـەی بـاسی لێ دەکـات، هـەر بە تـەنیـا نـاگـەڕێتـەوە بۆ شـێزوفـرینیـای کـەسێتی یاخـۆ بۆ نیـرڤۆسی فـەردی و دەسـتەجـەمعی، بگرە پێوەندی بە ستراتیجییەتێکی بە ئاگا و ناخود ئاگاوە هەیە کە نووسەر کاری پێ دەکـات. ئەو دەیەوێت (واتە حـەسـەن حـەنـەفی) هەردوو جـەمـاوەرەکـە لە میـسـر و وڵاتـانی عـەرەبیـدا، رازی بکات: جـەمـاوەری ئیـخـوان مـوسلمین و جەمـاوەری مارکسی و لیبـرالی و مۆدێرنەکـان[٢]. هـەروەها دەیەوێت خـۆی لە بەڵای شـەڕی جەمـاوەری ئیخوان موسلمین بپـارێزێت، کە بە ژمارە زۆرترن و توانای زۆری سـەرکوتکردن و دەست وەشـاندنیـان هەیە. "تەرابیشی" لە دوا لاپەڕەکانی کتێبەکەیدا ئەمانەی زۆر بە وردی باس کردووە.

شـایەنی بـاسـە سـەروەختێک بیـریارانی ئەوروپا رەخنەیان لـە کـەلەپووری مـەسیـحی دەگرت، رێوشوێنی زۆریان دەگرتە بەر، بۆ ئەوەی خـۆیان لە رق و تووڕەیی ئـۆردووی ئـسـووڵییـەکـان بپـارێزن. بۆ نموونە "سـپـینـۆزا" کـتـێبـە رەخنەییەکانی بەناوی خۆیەوە بڵاو نەدەکردەوە، تەنانەت دواین کتێبی لەسـەر داوای خـۆی لە دوای مردنی بـڵاو کرایەوە. هـەروەها کـەسـێکی وەک "ڤـۆڵتێر" چەنـدین کـتـێـبی بڵاو کـردووەتەوە، بـەبێ ئەوەی ناوی خـۆی لەسـەر بێت. تەنانەت کـار دەگاتە ئەوەی کڵـێسـایەکی بـچـووک لە کۆشکەکـەیدا دروست دەکـات و رۆژانی یەکـشـەممە تێـیـدا وەعـزی ئـیـمـانداران دەدات، بۆ ئەوەی پیاوانی کڵێسا وازی لێ بێنن و دەستبەرداری ببن. چونکە بەرگوێی کەوتبوو کـە کڵێسـا چەند کـەسێکیـان ناردووە بـۆ شـوێنی نیـشـتـەجـێـبوونی لەسـەر سنووری سویسرا، بۆ ئەوەی لە ناوی بەرن و بیکوژن.

مـەسـەلەی کەلەپووری ئاینـی ترسناکە، بگرە زیـاد لە پێویست ترسـناکـە.

ڕەنگە لەم ڕووەشـەوە ئەزمـوونی ئەورووپا لەگەڵ فـێندەمـێنتالیـزمی توندڕۆی مەسیحیدا، چاکترین نموونەیەک بێت. من کە ئەم قسانە دەکەم بۆ ئەوە نییە پاساو بۆ ڕۆشنبیرانی خۆمان بهێنمەوە، لەبەرئەوەی لەگەڵ تەوژمی فێندەمێنتالیزمدا ڕێ دەکەن و دەستبەرداری پێگە پێشکەوتنخوازییەکانی پێشتری خۆیان دەبن و تەرێز لە سەردەمی ڕێنسانس دەکەن. نەخێر ئەوەی من دەمەوێت، تەنیا ئەوەیە لە هۆکاری ئەم دیاردە سەیرە حاڵی ببم. من لەگەڵ ئەو کۆتاییە قەشەنگ و بەنرخەدام کە "تەرابیشی" بەشی یەکەمی کتێبەکەی پێ قفڵ داوە و ناونیشانی ئەو بەشەش ئەمەیە: لە غەربزەدەییەوە بۆ مۆدێرنە. لە پێنج خاڵی گرینگدا ئەو پرۆژە گشتییەی ڕوون کردووەتەوە کە پێویستە ڕۆشنبیری عەرەبی پەیڕەوی بکات، ئەویش لەپێناو دەرچوون لە دۆخی کاڵفامی و نەزانی و گەیشتن بە قۆناغی کامڵی، وەکی "کانت" لە پێناسەکردنی بۆ ڕۆشنگەریدا دەڵێت. هاوکات بۆ ئەوەی دەستبەرداری بەکارهێنانی کەلەپوور بێت، وەک ئامرازێکی کاراو کۆشندە بۆ دژایەتیکردنی مۆدێرنە و شارستانییەت.

وەڵامدانەوەی ئەو شکست و دۆڕاندنەی لە بەرامبەر ئیسرائیلدا دووچاری هاتین، بەوە نابێت خۆمان بخەینە باوەشی کەلەپووری کۆنەوە و دەرگاش بە ڕووی جیهانی مۆدێرندا دابخەین، بگرە بەوە دەبێت ڕێگایەک بۆ هەماهەنگی کردنی ژیاری لەگەڵ مۆدێرنەدا بدۆزینەوە. پێموایە لێرەدا ئەو قسانەی "تەرابیشی" لەجێی خۆیدایەتی کە دەڵێت: (جیهان لە ئەمڕۆدا زیاتر بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە جیهانێکی یەک شارستانییەت و فرە کولتووری. تا دوێنێ چەندین شارستانییەتی جیاجیامان هەبوو، بەڵام لەمڕۆدا ئەوەی هەیە یەک شارستانییەتە، ئەویش شارستانییەتێکی جیهانییە. فرەیی لە دنیای ئەمڕۆدا تەنیا لە کولتووردایە، ئەویش کولتووری نەتەوایەتییە). (بەرگی یەکەم، ل ١٧٤). ئەم بۆچوونە پێمان دەڵێت: (کولتووری عەرەبی و هندی و یابانی و چینی و ڕووسی و فەرەنسی و ئەمەریکی و.. هتد) هەیە، بەڵام لە

بەرامبەر ئەمەدا تەنیا یەک شارستانییەتی یۆنیڤێرسالی هەیە بۆ هەمووان. بۆ نموونە یەک زانستی فیزیا و کیمیا و گەردوون و بایۆلۆجیا، لە تەواوی زانکۆکانی جیهاندا هەیە. شتێک نییە ناوی زانستی فیزیای ئیسلامی یان ماتماتیکی مەسیحی بێت! هەروەها شتێک نییە ناوی پیسکۆلۆجیای ئیسلامی بێت، وەکی هەندێک دەمارگیری توندڕۆ باسی دەکەن. ئەوەی هەیە یەک پیسکۆلۆجیایە و بەسەر تەواوی مرۆڤایەتیدا پراکتیزە دەبێت. ئەم قسەیە بۆ تەواوی زانستەکانی تریش ڕاستە. بەڵام ئەوەی هەیە ئەوەیە دەتوانین بە زمانی جیاجیای وەک عەرەبی و ئینگلیزی و فرەنسی و ئەڵەمانی و ڕوسی و... هتد، بگەینە ئەو زانستانە. سەرەڕای ئەوە، بەها سەرەکییەکانی شارستانییەتی مۆدێرن وەکی ڕێگەدان بە پلورالیزمی ئاینی و سیاسی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتی، لە ئێستادا بوونەتە بەهاگەلێکی یۆنیڤێرسالی، ئەگەرچی هەمووان وەک یەک کاری پێ ناکەن و لە خەمی چەسپاندنیدا نین.

دوای ئەوەی ئەم دوو کتێبەی "جۆرج تەرابیشی"م خوێندەوە، پرسیارێکم لە خۆم کرد کە بۆچی ڕووناکبیرانی نەتەوەکانی تر هەمان ئەو هەڵوێستە نیرڤۆسییەی ڕۆشنبیرانی ئێمەیان نەبوو لە شارستانییەتی خۆرئاوا؟ ئەوەندەی من بزانم ڕووناکبیرانی رووسیا و یابان و هند و چین، دووچاری هەمان ئەو شاڵاوە کولتوورییە بوون کە ئێمە ڕووبەڕووی بووینەوە، کەچی ئەو ئەنگێزە دوژمنکارانەیان تێدا نییە وەکی ئەوەی لای "مونیر شەفیق" و "محەمەد عەممارە" دەیبینین، یاخۆ لای فێندەمێنتالیستەکانی وەک "ئەنوەر جوندی" و "ڕاشد غەنووشی" و "محەمەد متوەلی شەعراوی" و دەیانی تری وەک ئەوان هەیە.

بێگومان ڕۆشنبیرانی نەتەوەکانی تر لە ئاست شارستانییەتی خۆرئاوادا، بوون بە دوو بەشەوە: بەشێکیان زۆر خوێنگەرمانە داکۆکییان لێ دەکرد و

بەشەکەی تریشیان دەیانویست پابەندی کولتوور و مێژووی نەتەوەی خۆیان بن، بەڵام ئەم بەشەیان نەیانگەیاندە ئاستی دوژمنکاری و دژایەتی بێحەد و حسابی شارستانییەتی خۆرئاوا، وەکی ئەوەی ئاقاری سەلەفیی ڕۆشنبیرانی ئێمە کردیان. هەندێک ئەم حاڵەتە بەوە تەفسیر دەکەن کە خۆرئاوا هیچ ئیسرائیلێکی تری لەناو چین و یابان و ڕووسیا و هندستاندا دروست نەکردووە، تا ئەو نەتەوانە بە ڕادەی عەرەب لە خۆرئاوا داخ لە دڵ بن. بەڵام خۆ هندستان ئیسرائیلی خۆیی هەیە (کە پاکستانە)، پاکستانیش بە هاندانی کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی لە هندستان جوێ بووەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆشنبیرانی هندۆسی ئەو ڕق و کینە زۆرەیان لە کولتووری خۆرئاوا و شارستانییەتی ئەوروپی نییە. ئەگەرچی کەلەپووری ڕۆحی و ئاینیی هندستان زۆر کۆنە و ڕەگوڕیشەی بە ناخی مێژوودا ڕۆچووە.

ڕەنگە هۆکاری ئەمە شتێکی تر بێت. بۆ نموونە عەرەب بەتایبەتی و موسڵمانان بە گشتی، پێیان وایە لە ڕووی ئەنتۆلۆجی و تیۆلۆجییەوە، ئیسلام لە مەسیحییەت و لە تەواوی ئاینەکانی تری سەر ڕووی زەوی ڕەسەنتر و کامڵترە. هەروەها پێیان وایە ئیسلام نەک هەر چاکترین ئاینە و لەسەروو هەموو ئاینەکانی ترەوەیە، بگرە تاکە ئاینێکی ڕاست و دروستە و پەسەندترین ئاینە بەلای یەزدانەوە. کەواتە چۆن دەبێت نەتەوەیەک خاوەنی حەقیقەتی ڕەهای ئیلاهی بێت، زانست لە دوژمنە ئەزەلییەکەیەوە وەربگرێت کە ئەویش نەتەوە مەسیحییەکانی ئەوروپان؟!

ڕاستە ئەو نەتەوانە مەسیحی نەماون و بوونەتە نەتەوەگەلێکی عەلمانی، بەڵام موسڵمانی تەقلیدی هەر بە چاوی مەسیحی سەیریان دەکات و ئەمەش شەڕی خاچ پەرستانی بیر دێنێتەوە کە هەزار ساڵ لەمەوبەر کۆتایی هات! لەبەرئەوە زۆربەی زۆری ئەو ڕۆشنبیرانەی "جۆرج تەرابیشی" لە دوو بەرگی ئەم کتێبەدا باسی کردوون، بەلایانەوە پەسەندە تەنیا ئامێر و ئامرازە

تەکنۆلۆجییەکانی خۆرئاوا وەربگیرێت، بەڵام نابێت قەرەی جەوهەر و ناوەڕۆکی فەلسەفە و زانستی ئەو شارستانییەتە بکەوین. واتە ئەوەی ئەوان دەیانەوێت دیوی دەرەوەی شتەکانە، نەک جەوهەر و ناوەڕۆکیان. ئەو کۆسپە گەورەشی ڕێگرە لەبەردەم بەرەو پێشچوونی عەرەبدا ئەمەیە، داخرانی مێژوویش لێرەدا زۆر بە زەقی ئاشکرا دەبێت. مادامەکی ئێمە ناتوانین ئەو کۆت و بەندانەی کەلەپوور بشکێنین کە سەدان ساڵە لە دەست و پێماندایە، ئەوا هەر بەو حاڵەوە دەمێنینەوە و رزگاربوونمان ئەستەم دەبێت. شکاندنی ئەو کۆت و بەندانە، باجی گەورەی هەیە، ئەویش داماڵینی قودسیەتە لە کەلەپوور، داماڵینی قودسیەتیش لە کەلەپوور بۆ ئەوەیە حەقیقەتی لەناو مێژوودا بخوێنینەوە و وەک بەرەنجامێکی مێژووکرد سەیری بکەین[٣]. ئەوروپاییەکان ئەم کارەیان کرد و ئەمەش بووە مایەی ئەوەی بەرەو پێش بچن و بۆڕی تەواوی میللەتانی دنیا بدەنەوە. ئەمەش ئەو پرۆسەیە رۆشنبیرانی ئێمە ناچنە ژێر باری و لێی تۆقیون. تۆقیون لەوەی تاوانی کوشتنی باوک کەلەپوور ئەنجام بدەن. لێرەدا دەروونشیکاری دەتوانێت بێتە ناو مەسەلەکەوەو یارمەتیمان بدات لە تێگەیشتنی کێشەکاندا. ئەو شیکارییە دەروونییانەی "تەرابیشی" لە کتێبەکەیدا دەیکات هەڵە نین، بگرە سەد دەرسەد ڕاستن و لە جێی خۆیاندان. بەڵام هەر هەموویان نا، چونکە هەندێ جار دەبینین لە بەکارهێنانی ئەو میتۆدەدا زیاد لە پێویست پڕکێشی و زیادەڕۆیی کراوە.

## گوناهبارکردنی سەردەمی ڕێنیسانس، وەک سەردەمی کرێگرتەیی بۆ خۆرئاوا

دوای ئەو بەخۆدا چەمانەوەیەی چەندین ساڵە وەکی پەتا دووچاری بووین، هەندێ لە ڕووناکبیرانی ئێمە کەوتنە داوی کێشە و ململانێی مەزهەبی و خێڵەکییەوە. لە ڕاستیدا ئەمەش شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، چونکە پاشماوەی مێژووی کۆن لە دوای سەردەمی ڕێنیسانسەوە بەیەکجاری لانەچوو، هەروەها لە قۆناغی تەوژمی ناسیۆنالیستی و مارکسیزمیشدا هەر مایەوە، ئەگەرچی ئێمە بۆ ماوەیەک پێمان وابوو، بەسەرچووەو ئاوا بووە. بەڵام زۆری نەخایاند هەموو ئەو چەپێنراوە کۆنە، بەیەکجار سەری هەڵدایەوە و گەڕایەوە. لەم نێوەندەشدا ئەوانەی بوونە کۆچی قوربانی، مەسیحییەکانی وڵاتانی عەرەبی بوون. وەکی ئاشکرایە کاتێک نەتەوەیەک لەبەردەم هێزێکی دەرەکیدا دووچاری شکست دێت، ئەوا کەمینەیەک دەکاتە کۆچی قوربانی. ئەمەش ڕێسایەکی ئەنسرۆپۆلۆجی باوە لەناو هەموو نەتەوەیەکدا.

بەم جۆرە فێندەمێنتالیستە ئیسلامییەکان (لە دواییشدا کە مارکسیست و ناسیۆنالیستەکان پێوەندییان پێوە کردن)، دەستیان کرد بە تاوانبارکردنی ئەو ڕووناکبیرانەی مەسیحین، چونکە پێیان وابوو ئەوان هۆکاری ئەو ڕێنیسانسە گومڕایەن کە پاکی و بێگەردیی عەرەب و ئیسلامی لەکەدار کردووە! لەم بارەیە "تەرابیشی" دەڵێت: (مونیر شەفیق سەرکۆنەی سەردەمی ڕێنیسانس دەکات، بەو پێیەی لەو سەردەمەدا غەربزەدەیی فیکری و ژیاری شوێنی ئیسلام دەگرنەوە. تەنانەت گومان لەسەر ناوەکەش پەیدا

دەکات: ریفۆرم و ڕێنیسانس دەبنە ناوێک بۆ خۆرئاواخوازی و تەبەنیکردنی شارستانییەتی ئەوروپایی و دەستبەرداربوون و دژایەتیکردنی ئیسلام بە هەموو شێوەیەک). (بەرگی یەکەم، ل ١٠٢-١٠٣). هاوکات "مونیر شەفیق" لە رەخنەکانیدا دەیگەیەنێتە ئەوەی پەلاماری ڕێنیسانسی ئەوروپایی بدات و لەم بارەیەشەوە قسەگەلێکی نابەجێ دەکات و دەڵێت: (ڕێنیسانسی ئەوروپایی سەردەمی نووچدان و داوەشان و تاریکی و ستەمکارییە، سەردەمی تاوان و ئەنجامدانی هەموو نابەجێییەکە!).

کاتێک گوێبیستی ئەم قسانە دەبین، سەرەتا وا دەزانین نووسەرەکەی سەرکۆنەی سەدەکانی ناوەڕاست و دادگاکانی پشکنین دەکات، هەرگیز ئەوەمان بە بیردا نایەت باس لە یەکێک لە جوانترین و مەزنترین سەردەمە مێژووییەکان بکات، کە ئەویش سەردەمی ڕێنیسانسی ئەوروپاییە. سەردەمێک کە لە "دانتی" و پەترارک"ەوە درێژ دەبێتەوە، تا "ئیراسمۆس" و "تۆماس مۆر" و "مۆنتاین" و "ڕابلێ" و "لیۆناردۆ داڤنشێ" و "ڕافائێل" و "کۆپەرنیکۆس" و "میکائیل ئەنجیلۆ" و "مارسێل منیشان" و "بیک میراندۆلی" و.. هتد. قۆناغێک بەر لە ئێستا ناسیۆنالست و مارکسیستە عەرەبەکان، دەیانویست باز بەسەر ئیسلامدا بدەن، ئەمەش بۆ خۆی کارێکی بەجێ نەبوو. ئەوان دەبوو لە بری ئەوە، ڕووبەڕووی کەلەپووری ئاینی بوونایەتەوە و لێکدانەوەیەکی تازە و ڕۆشنگەرانەیان لەمەڕ کەلەپووری ئیسلامی پێشکەش کردایە، بۆ ئەوەی بەرەنگاری ئەو لێکدانەوە تەقلیدییە ببوایەتەوە کە سەدان ساڵە ڕەگی داکوتیوە و لە ئارادایە. ئەوان لەبەرئەوەی لە ئاست ئەم کارەدا دەستەوستان بوون، بۆیە دەبینین کەلەپوور بەو هەموو توندوتیژی و بێ ئامانییەوە دێتەوە کایەکە، ئەم پرۆسەیەش لە شۆڕشەکەی "خومەینی"یەوە بەردەوامە تا ئەمڕۆ.

بۆیە دەڵێم تەقینەوەی ئەم چەپێنراوە مەزهەبییانە لە خۆرهەڵاتی

عەرەبیدا، شتێکی چاوەڕوانکراو و پێویستیش بوو، گەر بێت و بە قووڵی و لە چوارچێوەی مێژووی ماوە درێژدا لە کێشەکەمان ڕووانی. ئێمە ناتوانین لە کەلەپووری ئاینی و مەزهەبگەرایی قوتار ببین، گەر هاتوو ئەو شتانە بە پەردەیەکی ڕووکەشانەی مارکسیزم و ناسیۆنالیزم و ئایدیۆلۆجیای پێشکەوتنخوازی، داپۆشرابوون و چەپێنرابوون.

ئێمە ئەو کاتە لەمانە رزگارمان دەبێت، کە بتەقنەوە و تەواو خاڵی ببنەوە. ئەوەی ئێستا ڕوو دەدات ئەوەیە. من وتوومە و دەیڵێم و دەیڵێمەوە کە ئەم تەوژمەی فێندەمێنتالیزم لە ئێستادا، نامانترسێنێت و بگرە قۆناغێکە پێویستە پێیدا تێپەڕین، بەر لەوەی بگەین بە سەردەمی رۆشنگەری و حەقیقەت. ئەڵبەتە جێی داخە چەندین کەسایەتی مەزنی ئەدەبی و رۆشنبیریی وەک: "شبلی شومێل و یەعقوب سەڕوف و فەرەح ئەنتوان و سەلامە مووسا و جوبران خەلیل جوبران و میخائیل نەعیمە و... هتد"، تۆمەتبار بکرێن. لە کاتێکدا ئەمانە پۆلێک ڕووناکبیر و منەوەر بوون و لە خەمی نوێکردنەوەی ئەدەب و زمان و رەخنە و تەواوی کولتووری ئێمەدا بوون. من بۆ خۆم کاتێک ئەو شتانەم لە کتێبەکەی "جۆرج تەرابیشی"دا خوێندەوە، لە ناخەوە بریندار و دڵگران بووم. بەڵام چی بکەین؟ لەناو هەموو نەتەوەیەکدا کەمینەیەکی توندڕۆ و دەمارگیر هەن، پێیان دەڵێن ڕاستڕەوە پەڕگیرەکان. ئەمانە لە یەک کاتدا وەکو یەک دەمارگیری نەتەوەیی و ئاینیین. فرەنساییەکان ئەگەرچی بە درێژایی دوو سەدەی ڕابردوو، ئەزموونی ئەو هەموو شۆڕشە فیکری و سیاسییە ئازادیخوازانەیان کردووە، بەڵام تا هەنووکەش باڵێکی ڕاستڕەوی پەڕگیری شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستیان تێدایە.

ئەڵبەتە ئەم باڵە بەراورد بە گەلی فرەنسی کە زۆربەیان ڕۆشنگەرن کەمینەن، بەڵام بوونیان هەیە. وەکی ئاشکرایە یەکێک لە سەرکردەکانی ئەم باڵە بەناوی "شارل مۆراس" لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، "ژان ژاک

ڕۆسـۆ"ی پرۆتسـتـانتـی بە تێکدانی فـرەنسـای کـاتۆلیکی تاوانبـار دەکـرد!!
چونکە ئەویان بە بەرپرسیاری بەرپابوونی شۆڕشی فرەنسی و دابەشبوونی گەلی فرەنسایان بۆ پاشایەتی و کۆماری و هەڵایسـانی شـەڕی ناوەخۆیی دەزانی. کەواتە جیاوازی ئەو پیاوە لەگەڵ "مونیر شـەفیق"دا چییـە، کاتێک گەورە بیریارانی لوبنان و میسر و عەرەبە مەسیحییەکان بەوە تاوانبار دەکات کە هۆکاری تێکدان و شێواندنی ئیسلامن؟ تەنانەت کار دەگاتە ئەوەشی ئیمام "محەمەد عەبدە" بە بەکرێگیراوی بەریتانیا بدەنە قەڵەم! ئەم کارەش ئەو فێندەمێنتالیستە تازانە دەیکەن کە لە سەردەمی ڕێنیسانس و دەسـتکەوتەکانی هەڵگەڕاونەتەوە. لێرەدا وشـەی (هەڵگەڕانەوە)م بەدڵە، لەبەرئەوەی "تەرابیشی" بە شێوەیەکی دروست بەکاری دێنێت. من پێموایە ئەو یەکەم کەسە ئەم وشەیەی بە پێچەوانەی مانا لاهووتییەکەیەوە بەکار هێنابێت. بەڵێ هەڵگەڕانەوەیەک لە بەهاکانی پێشکەوتن و ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری، لە گۆڕێدایە و هێندەی نەماوە تەواوی ڕووناکبیران بگرێتەوە. من لەوە تێناگەم ئەم ملدانە بە تەوژمی فێندەمێنتالیزم بۆچی؟ لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: (ئایا دەبێت ڕووناکبیر مل بۆ تەوژمی میللیگەرایی بدات، یاخۆ دەبێت بەپێی توانا بەرخورد بکات و خۆی نەدات بەدەستەوە؟).

چەند ڕووناکبیرێکی کەم توانییان مل بەو تەوژمە نەدەن و دەستبەرداری خەونی پێشکەوتنخوازانەی خۆیان نەبن. قسەکانی "جۆرج تەرابیشی" ئەوە دەگەیەنێت و پێشموایە قسەکانی لە جێی خۆیدایەتی، چونکە لێکدانەوەکانی بەجێن و هەمیشەش بە بەڵگەی پێویست دەیانسەلمێنێت.

من لەوە تێدەگەم هەندێ ڕووناکبیر بگەڕێنەوە سەر کەلەپووری ئاینی خۆیان، دوای ئەوەی بۆ ماوەیەک قۆناغی ناسری و بەعسیزم و مارکسیزم، ئەو کەلەپوورەی فەرامۆش کردبوو.. چونکە هەمیشە تینوویەتییەکی ڕەوا هەیە بۆ دەرگیربوون بە شوناسی مێژووییەوە. بەڵام داخۆ دوای ئەوەی لەم

هەموو گەڕانەوە سۆزدارییە تێر بووین، جێی خۆی نییە هەندێ پرسیاری رەخنەیی لە کەلەپوورمان بکەین، وەکی ئەوەی هەموو گەورە ڕووناکبیرانی دنیا لە ناو سەرجەم کەلەپوورە ئینسانییەکانی تردا دەیکەن؟ بۆچی دەبێت ئێمە بە شێوازێکی منداڵانە دەرگیری کەلەپووری خۆمان بین؟ ئایا نابێت لە نێوان دژایەتیکردنی سیاسەتی خۆرئاوا و ئیسرائیل، لەگەڵ دژایەتیکردنی شارستانییەتی خۆرئاوادا جیاوازی بکەین؟

خودی فەیلەسووفانی خۆرئاوا خۆشیان، لەسەروو هەمووشیانەوە "یۆرگن هاپرماس"، دەڵێن شارستانییەتی خۆرئاوا دوو ڕووی هەیە: ڕوویەکی ئازادیخوازایی مرۆڤانەی قەشەنگ، لەگەڵ سیمایەکی پاوانخوازی کە خواستی هەژموونگەری و خۆسەپاندنی هەیە. ئێمە نابێت ئەم دووانە تێکەڵی یەکتر بکەین، بۆ نموونە وەکی ئەوەی قوتابخانەی فرانکفۆرت کردی، یاخۆ وەکی ئەوەی لە ئێستادا ئایدۆلۆجیستە عەرەبەکان دەیکەن، ئەگەرچی ئەوەی ئەمان زۆر بەو ژیری و قووڵییەی فرانکفۆرتییەکان نییە.

لەبەرئەوە "جۆرج تەرابیشی" هۆشداریمان دەداتێ و دەڵێت: (ئەمە مانای وایە خۆمان لە سەنگەری دژ بە شارستانییەت دابنێین و بەمەش دەبێت بەم دوو چارەنووسە رازی بین: هەڵخلیسکان بۆ ناو بەربەرییەت یان شیزۆفرینیا و دابڕان لە واقیع. هەرچۆنێک بێت، هەڵوێستی ئەو بەشەی ئەنتلجنسیای عەرەبی کە داوای دابڕان لەگەڵ شارستانییەتی مۆدێرندا دەکات، هەر لەبەرئەوەی ڕەگوڕیشەی خۆرئاواییە، لە ڕووە نائەقڵانییەکەیدا هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی فلۆرنسامان وەبیر دێنێتەوە کە کاتی خۆی ڕێگەیان بە بازرگانەکانی شارەکە نەدەدا سیستەمی ژمارەیی عەرەبی بەکاربهێنن، لەبەرئەوەی ئەوە بەرهەمی کافرانە، لە بەرامبەر ئەمەشدا ناچاریان کردن لەسەر بەکارهێنانی ژمارەی ڕۆمانی بەردەوام بن، هەرچەندە لە ئاڵوێردەکانیاندا کێشە و گرفتی زۆری بۆ دروست دەکردن). (بەرگی یەکەم،

ل ١٧٦). بەم جــۆرە دەبینین داخــران بەســەر خــوددا کــە هەندێ لە فێندەمێنتالیستە نوێیەکان داوامان لێ دەکەن، زیاتر زیان بە خۆمان دەگــەیەنێت، وەک لەوەی زیان لە خــۆرئاوا بدات. هاوکــات ئەم کــارە دواکەوتووییمان زیاتر دەکات و تا ئەبەد رێ لە بەرەوپێشچوونمان دەگرێت.

مایەی خۆشبەختییە "جۆرج تەرابیشی" هیچ سازشێک لەگەڵ ئەم تەوژمە ئسوولّییەدا ناکات، سەرەڕای ئەو هەموو هێز و جەماوەرەی لە شەقامی عەرەبیدا هەیەتی. "تەرابیشی" لەو کەسە کەمانەیە ئەم هەڵوێستە بوێرانەی نواندووە، لەگەڵ "فوئاد زەکەریا" و چەند کەسانێکی تر.

## شەڕ لەگەڵ حەسەن حەنەفی

لە دووەم بەشدا کە گەورەترین بەشی کتێبی (نەخۆشکەوتنە بە خۆرئاوا)، دەبینین "جۆرج تەرابیشی" شەڕێکی سەرتاسەری و بەرفراوان لەگەڵ "حەسەن حەنەفی"دا دەست پێ دەکات. لە ڕێی ئەم شەڕەشەوە کێشەگەلێکی گرینگ ڕوون دەبێتەوە، بەڵام ڕەنگە مرۆڤ بە ئاسانی تێی نەگات، گەربێت و نەک تەنیا لە کەلەپووری ئیسلامی، بگرە لە کەلەپووری ئەوروپایش بێ ئاگا بێت. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە "تەرابیشی"، لە هەموو شتێکدا لەگەڵ "حەسەن حەنەفی"دا ناکۆکە. لە ڕاستیدا ئەو لەگەڵ بۆچوونەکانی "حەسەن حەنەفی" یەکەمدا تەبایە کە لەگەڵ هەرچی ئەو شتانەی "حەسەن حەنەفی" دووەم دەیڵێت ناکۆک و ناتەبایە. چونکە "حەسەن حەنەفی" لانی کەم لەبارەی تەواوی شتەکانەوە قسە دەکات و دژەکەشی دەڵێت، لەبارەی (ئاین و مێژوو و ئیسلام و خۆرهەڵاتناسی و وەحی و فیقه و شەریعەت و شارستانییەتی ئەوروپاییییەوە و.. هتد). دەتوانیت لەسەر تەواوی ئەم شتانە، بۆچوونی "حەسەن حەنەفی" و پێچەوانەکەشی بدۆزیتەوە. واتە "حەسەن حەنەفی" یەک هەیە زۆر مۆدێرن و یەکێکی تریش هەیە زۆر تەقلیدی. ئەگەرچی دووەمیان زاڵترە.

"حەنەفی" هەندێ جار داکۆکی لە کرانەوە دەکات و هەندێ جاریش بەرگری لە داخران و سەلەفییەت دەکات، بەبێ ئەوەی هەست بکات کە گوناهێک یان هەڵەیەکی کردووە، یان هەندێ جار داکۆکی لە تیۆریاکەی "فیورباخ" دەکات لەبارەی ئاینەوە، بەڵام هەر زوو ڕەتی دەکاتەوە. هاوکات بەرگری لە فەقیهەکان دەکات، بەڵام هەر زوو دەکەوێتە سەرکۆنەکردنیان. لە

هەندێ تێکستدا بەرگری لە شارستانییەتی خۆرئاوا دەکات، بەڵام لە چەند دەقێکی تردا لۆمەی دەکات و لە شان و شکۆی دێنێتە خوار. هەروەها بەرگری لە میتۆدی مێژوویی خۆرهەڵاتناسان دەکات و پاش ئەوە دەکەوێتە پەلاماردانیان و ئیدانەیان دەکات.

من پێموایە گورزی کەمەرشکێنی "تەرابیشی" لە "حەسەن حەنەفی"، لە چوارەم بەشی کتێبەکەدایە کە ئەمە ناونیشانەکەیەتی (خۆرئاواناسی مەحاڵ). وەکی ئاشکرایە "حەسەن حەنەفی" لافی ئەوە لێ دەدات کە ئەو یەکەمین کەسە زانستی خۆرئاواناسی لە جیهانی ئیسلامیدا هێنابێتە ئارا، وەکی پەرچەکردارێک لە دژی خۆرهەڵاتناسی، ئەو خۆرهەڵاتناسییەی خەڵکانێکی زۆر وەک ئامرازێکی دژایەتیکردنی کەلەپووری ئیسلامی سەیری دەکەن. بەڵام کێشەکە ئەوەیە "حەسەن حەنەفی" کاتێک باس لە مێژووی فیکری ئەوروپایی دەکات لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە تا ئەمڕۆ، دەکەوێتە هەڵەی زۆر نابەجێوە. ئەمەش دەری دەخات ئەو چەند لە کەسایەتی و ڕێباز و قوتابخانەکانی ئەو مێژووە بێ ئاگایە. واتە ئەو زانیاری لەسەر مێژووی فیکری ئەوروپایی هەیە، بەڵام زانیارییەکانی زۆر ورد و کۆنکرێتی نین. ئەمەش "تەرابیشی" زۆر لێهاتووانە ئاشکرای کرد، چونکە شارەزاییەکی زۆری لە فەلسەفەی ئەوروپایی و مێژووی فیکری مەسیحی بە عەلمانیکراو لە خۆرئاوادا هەیە.

من لێرەدا چێژی ئاشکراکردنی ئەو هەڵانە بۆ خوێنەر خۆی جێ دەهێڵم، لە ڕێی خوێندنەوەی ئەم بەشەوە کە چوارەم بەشی کتێبەکەیە. بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە "حەسەن حەنەفی"، خۆی بە تاکە بیریاری ئیسلامی دەزانێت لە سەدەی بیستەمدا!!.. لەبەرئەوە گلەیی و گازندەی زۆری لێ دەکەین. ئەو دەبوو خاکیتر بێت و دان بەوەدا بنێت کە توانایی فیکری سنووردار و دیاریکراوە. کەسێک لە چۆنیەتی دروستبوونی مۆدێرنەی فیکری لە خۆرئاوا

بەو رادەیە بێ ئاگا بێت، نابێت ئەوەندە خۆی پێ شت بێت. لەوەش خراپتر ئەوەیە لاقرتێی ئێمەومانان دەکات کە تا ئێستاش لە پرۆسەی وەرگێڕانی ئەدەبیاتی خۆرئاوا بەردەوامین و دەمانەوێت لەوانەوە فێرببین، لە کاتێکدا بە بڕوای ئەو دەبێت ئەو قۆناغە پڕ سووکایەتی و سەرشۆڕییە تێپەڕێنین، بەرەو قۆناغێک خۆمان داهێنانی فیکری و فەلسەفی تێدا بکەین.

من بۆ خۆم دوای ئەوەی ئەم نەسکەم لە کتێبەکە خوێندەوە و ئاستی بێ ئاگایی رۆشنبیرێکی دیاری عەرەبیم لەسەر مۆدێرنە و مێژووی فیکر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بۆ ئاشکرا بوو، لە پێویستی وەرگێڕانی مێژووی فیکری ئەوروپایی بە شێوەیەکی راست و دروست لە سەردەمانی یۆنانەوە تا ئەمڕۆ دڵنیا بوومەوە، بۆ نموونە بەو جۆرەی کە "جۆرج گۆسدۆرف" لە ئەنسیکلۆپیدیا بەناوبانگەکەیدا کردوویەتی. چونکە ئەو زیانانەی کتێبەکەی "حەسەن حەنەفی" (زانستی خۆرئاواناسی) دەیگەیەنێت، لە ژماردن نایەت. خوێندکارانی زانکۆکانمان سەروەختێک دەیخوێننەوە، بەهەڵە لە چۆنیەتی دروستبوونی فیکر لە ئەوروپا و قۆناغە سەرەکییەکانی فۆرمەلەبوونی مۆدێرنە حاڵی دەبن. بەڵێ خوێندنەوەی ئەو کتێبەی "حەنەفی" بۆی سەلماندم کە وەرگێڕانی ئەنسیکلۆپیدیا مەزنەکان، لە فرەنسی یاخۆ لە ئینگلیزییەوە یان کورتکردنەوە و پوختەکردنیان بەوردی، کارێکە چارەنووسی نەوەکانی داهاتوومانی پێوەبەندە.

مەبەستیشم ئەنسیکلۆپیدیاکانی مێژووی فیکرە کە مانای سەردەمی یۆنان و رۆمان و قۆناغی مەسیحییەت و سەدەکانی ناوەڕاست، پاشان قۆناغی ریفۆرمی ئاینی و سەردەمی رێنیسانس، هەروەها سەردەمی "دیکارت" و "مالبرانش" و "لاینبتز" و "سپینۆزا" لە سەدەی حەڤدەمدا، دوای ئەوە قۆناغی فەیلەسووفانی رۆشنگەری لە سەدەی هەژدەمدا و پاشان گەشەکردنی فیکری ئەوروپایی و گەیشتنی بە لووتکەی لە هەردوو سەدەی

نۆزده و بیستدا، ڕوون دەکەنەوە. تەواوی ئەم شتانە لای ئێمە بە راستی و دروستی باس نەکراوە و نییە، بەڵگەشمان ئەو نووسینە کرچ و کاڵانەیە کە خۆشبەختانە "تەرابیشی" توێکاری کردووە و بە چاکی لێکی شیتاڵ کردووە.

"حەسەن حەنەفی" کە نازانێت چۆن تیۆریا مەزنەکانی مێژووی فیکری ئەوروپایی و سەرکێشییە مەعریفییەکانی، وەربگێڕێت یان پوختەیان بکات، بۆی نییە پەلە بکات لەوەی لە قۆناغی خوێندکاریی خۆرئاواوە، بگوازێتەوە بۆ ئەوەی خۆی بکات بە مامۆستای خۆرئاوا، واتە لە قۆناغی وەرگێڕانەوە، بچێتە قۆناغی نووسین و داهێنانی تایبەت بە خۆی. با ئەو ئەگەر دەتوانێت فەلسەفەیەکی نوێمان بۆ دابهێنێت، ئەوکات دەستبەرداری "کانت" و "هیگڵ" و "فویرباخ" و "مارکس" و "نیچە" و "هایدگەر" و "ئۆگست کۆنت" و "دۆرکهایم" و "فرۆید" و "ماکس ڤیبەر" و "هاپرماس" و "جۆزیف ڤان ئیس" دەبین و ئافەرۆزیان دەکەین! با ئەو یەک تیۆریای فەلسەفی باوەڕپێکراومان لەبارەی مێژووی ئیسلامی یان مێژووی گەردوونی بداتێ، تا ئێمەش واز لە هەموو ئەوانە بێنین و شوێن ئەو بکەوین. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە دەڵێت: (من دەمەوێت خۆرئاوا لە جێگەی خۆیدا راگرم و بیگەڕێنمەوە بۆ سنووره ئاساییەکانی خۆی!). بەڵام ئاخر تۆ کێی تا خۆرئاوا لە شوێنی خۆیدا رابگریت؟ تۆیەک توانای تێگەیشتنی تیۆریا زانستی و فەلسەفییەکانت نەبێت، ئیتر چۆن دەتوانیت تێیپەڕێنیت یاخۆ لە جێی خۆیدا رایگریت؟ کەواتە بەڕێزان باکەمێک خاکی بین و قەدری خۆمان بزانین، بزانین کێین و چی دەڵێین. باشە کەی نەنگییە ئەگەر کولتووری ئیسلامی لەژێر کاریگەری کولتووری یۆنانی کۆن و کولتووری مۆدێرنی ئەوروپاییدا بێت؟ بۆچی ئەوە بە شاڵاوێکی فیکری بدەینە قەڵەم؟ کێ باوەڕ بەو وتەزایە دەکات کە دەتوانین لە هەندێ نووسینی "حەسەن حەنەفی" و تەواوی ئایدیۆلۆجیستە عەرەبەکانەوە دەسگیرمان بێت کە دەڵێت: (لە هیچ شتێکدا قەرزارباری خۆرئاوا نین، بەڵام خۆرئاوا لە هەموو شتێکدا قەرزاربارمانە؟!).

خۆرئاوا نە هەست بە بوونمان دەکات و نە گرینگیشمان پێ دەدات، لەبەرئەوەی دەزانێت ئێمە هیچ ئامێر و چارەسەرێکی پزیشکی بە سوودمان بۆ مرۆڤایەتی یان تیۆرییەکی زانستیمان، بەرهەم نەهێناوە. خۆرئاوا هەنووکە ترسی لەو نەتەوانەیە کە لە گرێی تایبەتی و کەلەپوورییان قوتاریان بووە، وەکی چین و هند و یابان و هیچ حسابێکیش بۆ ئەو نەتەوانە ناکات کە لەسەر مێژووی خۆیان نووستوون، وەکو عەرەب و موسڵمان. ئەمانەش ئەو نەتەوانەن کە گیرۆدەی گرێ دەروونی و داخرانە مێژووییەکانی خۆیانن، نەتەوەگەلێک کە ناتوانن درزێ بکەنە ئەو دیوارەی مێژووی تیۆلۆجیا، دیوارێک کە لە هەرچوارلاوە تەقی داون.

ئەم قسە لووت بەرزانە چییە کە لەلایەن فێندەمێنتالیستە کۆن و تازەکانەوە گوێمان لێی دەبێت: (موسڵمانان کار لەوانی تر دەکەن، بەڵام ناچنە ژێر کاریگەری کەسەوە، قورئان پێوەندی بە هیچ شتێکەوە نییە کە بەر لە هاتنی خۆی هەبووبن... هتد). ئەمە لە کاتێکدایە ئێمە هەموو دەزانین قورئان پڕیەتی لە چیرۆک و بەسەرهاتی "عیسا" و "مووسا" و ئیسرائیل و فەرهەنگی ئاینی و تیۆلۆجیای کۆن. تەنانەت چەند وشەیەکی قورئان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زمانە بیانییانەی بەر لە هاتنی خۆی هەبوون. بۆ نموونە بڕوانە ئەم کتێبە بە زمانی ئینگلیزی: (فەرهەنگی بیانی لە قورئان)دا کە لە نووسینی توێژەر "ئارسەر جیفری"[٤] یە.

وەکی "جۆرج تەرابیشی" دەڵێت: «حەسەن حەنەفی دەیگەیەنێتە ئەوەی بڵێت: سەروەختێک بەرهەمی فەیلەسووفانی خۆرئاوای وەک سپینۆزا و لیسینگ و سارتەر وەردەگێڕێت، ئەوەی دەیکات وەرگێڕان نییە، بگرە بە عەرەبیکردنی تێکستێکی عەرەبییە کە سەرچاوە سەرەکییەکەی خۆی بزر کردووە و جگە لە وەرگێڕانە ئەوروپاییەکەی هیچی لێ نەماوەتەوە!!».

(لاپەڕە، ١٧٨).

دوای ئەم قسانە، سەختە مرۆڤ هیچ بڵێت و وەڵێم بداتەوە.. چونکە ئەو پیاوە پێی وایە فەیلەسووفانی خۆرئاوا هیچ شتێکی نوێیان دانەهێناوە، بگرە شوێنپێی نموونە کۆنەکانی کەلەپووری ئیسلامییان هەڵگرتووە، وەکی "موعتەزیلەکان" و "ئیبن روشد" و... هتد. کەواتە بەدرێژایی ئەم هەزار ساڵە هیچی تازە نەهاتووەتە گۆڕێ، واتە لەو کاتەوەی ئێمە لە بەرهەمهێنانی زانین و زانست و فەلسەفە کەوتین، کەس داهێنانی نوێی نەکردووە.

دەبێت ئەم هەڵوێستە چۆن چۆنی تەفسیر بکەین، کە بە فیعلی دەچێتە بازنەی دەروون شیکارییەوە؟ ئەمە لە چاکترین حاڵەتدا ئەنگێزەیەکی منداڵانە و هەرزەییەکی فیکرییە. ئەم پیاوە وەکی ئەوە وایە بیەوێت بڵێت: «من قارەمانم و تەواوی خۆرئاواش لە بەردەممدا گرگن و کورتە باڵایە. پەنا بەخوا من ناچمە ژێر کاریگەری خۆرئاواوە، بگرە کاریگەری خۆمی لەسەر جێدێڵم و رینوێنی دەکەم».

باشە بۆچی رۆشنبیرێکی هندی یان یابانی یاخۆ چینی و رووسی، ئەم قسەیە ناکەن؟ ئەم هەموو شانازیکردنە بە مەزنی و شکۆمەندی باب و باپیرانەوە یانی چی، لە کاتێکدا ئێمە دەزانین کەلەپووری ئیسلامی هەر هەمووی لەناو بازنەی سەدەکانی ناوەڕستدایە، بە "ئیبن روشد"یشەوە! دوای هاتنە ئارا و دەرکەوتنی "دیکارت" و "کانت" و "هیگڵ" و سەرجەم فەلسەفەی مۆدێرن، ئیدی "ئیبن روشد" ئەو گرینگییە مێژووییەی نەماوە، لەمەشدا حاڵی ئەو بە حاڵی قەشە "تۆما ئەکوینی" دەچێت لە خۆرئاوای مەسیحی یان "مووسای کوڕی مەیموون" لای جوولەکە. ئێمە ئەم قسانەش دەکەین، سەرەڕای ئەوەی بە مەزنی و بلیمەتیی "ئیبن روشد" سەرسامین. با ئەم وڕێنە و هاتوهاوارە بەس بێت و بگەڕێینەوە سەر مێزەکانی خوێندن، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ دەست بە فێربوونی زانست و فەلسەفە بکەینەوە و بەو شتانە بگەینەوە کە لە دەست چوون (بێگومان ئەو شتانەش زۆرن).

پێدەچێت "حەسەن حەنەفی" دابڕانی ئەپستمۆلۆجی لە مێژووی فیکردا نەبیستبێت، ئەو دابڕانە گەورەیەی "گالیلۆ" و "نیوتن" لە بواری زانست و "کانت" لە بواری فیکری فەلسەفیدا سەرەتاکانیان داڕشت. پاشان دابڕانی دوای ئەو لە سەر دەستی "ئەنشتاین" و "نیلزبور" و میکانیکی چەندایەتی و شەپۆلداری و... هتد، هاتە ئارا و لە فرەنساش زانایەک لە ئاستی "گاستۆن باشلار"دا، توانی دەرەنجامە فەلسەفییەکانی دەربێنێت. ئەوە بەبێ ئەوەی باس لەو شۆڕشە بەردەوامانە بکەین کە لە بواری زانستی بایۆلۆجیا و کیمیا و گەردووونناسی و پاشان زانستە مرۆڤایەتییەکاندا ڕوویان داوە، ئەمانەش ئەو شۆڕشە مەعریفیانە بوون کە دنیابینی ئێمەیان بۆ مرۆڤ و گەردوون گۆڕی.

ئێمە دەمانەوێت کێبڕکێ لەگەڵ خۆرئاوادا بکەین، تەنانەت وانەی دابدەین لە بواری مەعریفەدا، هەموو ئەمانەش لە ڕێی (زانستی خۆرهەڵاتناسی)یەکی فشەڵەوە، لە کاتێکدا ئێمە ناتوانین تەنانەت ببینە خوێندکارێکی زیرەک و ژیری ئەو خۆرئاوایە! کێ دەتوانێت بڵێت تەواوی ئەو دەسکەوتە زانستی و فەلسەفییانەی بە درێژایی چوار سەدەی رابردوو بە دەست هاتووە، لە ئێستا بە زمانی عەرەبی لە بەردەستدایە؟ لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێز "حەسەن حەنەفی" دەیەوێت ڕێگری وەرگێڕان و هەماهەنگیمان لێ بکات، واتە دەیەوێت دەرگاکانی زانین و ڕووناکیمان بەڕوودا دابخات، بەبیانووی ئەوەی ئێمە تێربووین لە وەرگێڕان یاخۆ ماندووبووین بەدەستیەوە.

ئایا ئەمە ئەو ڕێگا نموونەییەیە بۆ ئەوەی عەرەب لەو دواکەوتوییە مێژووییەی خۆیان دەرچن و پەی بەو کەلێنە ژیارییە بەرن، وەکی "تەرابیشی" دەڵێت کە لەنێوان خۆیان دنیای تازەدا هەیە؟ نەخێر من پێموانییە ئەمە ئەو ڕێگا نموونەییە بێت، بگرە پێچەوانەکەی ڕاستە. من

لەوە ناترسم تا ژیانم ماوە خوێندکاربم و ئەمەش چارسم ناکات. شانازییە بۆ من کە دوای هەوڵێکی بێوچان توانیومە، لە هەندێ تیۆریا و زاراوە تێ بگەم. دوای ئەوەش توانیم هەندێ پێچ و پەنای مێژووی ئیسلامی ڕووناک بکەمەوە و ڕۆشنایی بخەمە سەر واقیعی ئێستا و کێشە ئاڵۆز و دژوارەکانی. چاکترین توێژەری ئێمە لەمڕۆدا ئەوەیە کە دەزانێت چۆن چۆنی میتۆد و زانستەکانی خۆرئاوا بەکاربهێنێت، بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی واقیع و مێژووی خۆی و پەیبردن بە داهاتوو. چاکترین توێژەر ئەوەیە دەستنیشانی ئەو نەخۆشییانە دەکات کە لە ئێستادا دووچاری وڵاتانی عەرەبی بووە، بۆ ئەوەی چارەسەریان بکات. چونکە خود دەستنیشانکردن شەڕە و ئاسان نییە تێیدا سەرکەوتوو بین. هاوکات چارەسەرکردن پشت بە پشکنین و دەست نیشانکردنی ڕاست و دروست دەبەستێت.

گەر هاتوو لە دیاریکردن و دەستنیشانکردنی جۆری نەخۆشییەکدا بە هەڵەدا چووین، ئەوا چارەسەری هەڵەی بۆ دەکەین. پەتا و نەخۆشییەکانی کۆمەڵگەی ئێمەش بە درێژاییی چل ساڵی رابردوو، چارەسەری هەڵەی بۆ کراوە. بڕوانە پرۆژە فیکرییەکانی "حسێن مروە و تەیب تیزینی و محەمەد عابد جابری و حەسەن حەنەفی و... هتد". تا ئێستاش نەخۆشی جیهانی ئیسلامی بەوردی دەستنیشان نەکراوە، هەر لەبەرئەوەشە ئەو نەخۆشییە هەر بەردەوامە و زیاتر و زۆرتر تەشەنە دەکات، تا وامان لێ هاتووە بووینەتە جێ بایەخی دنیا و مرۆڤایەتی وەکی پیاوە نەخۆشەکە سەیرمان دەکات.

ڕەنگە ئەم قسانە زوڵمی تێدا بێت بۆ "حەسەن حەنەفی"، هەر بە فیعلیش وایە، چونکە ڕووەکەی تری ئەو پیاوە بە هێند وەرناگرێت، واتە ڕووە گەشاوەکەی کە "جۆرج تەرابیشی لە لێکۆڵینەوە رەخنەییە بابەتییەکەیدا فەرامۆشی نەکردووە، بگرە زیاد لە جارێک ئاماژەی پێداوە و ستایشی کردووە. بۆ نموونە باسی ئەو بێزاربوونەی "حەسەن حەنەفی" دەکەین لە

دووڕوویی "رۆجێ گارۆدی"، کاتێک لە ساڵی ١٩٦٩ لە کاتی پێشکەشکردنی کۆڕێکی گشتیدا زۆر زیادەڕۆیی لە شانازیکردن بە شارستانییەتی عەرەبی ئیسلامیدا کرد، ئەویش هەستی کرد "گارۆدی" ختوکەی ویژدانی ئاینی و نەتەوەییمان دەدات و وەها دەدوێت وەکی ئەوەی شێخی ئەزهەر بێت! بووە مایەی تووڕەبوونی زۆری "حەسەن حەنەفی" و لە وەڵامی ئەوەشدا (یەکێک لە جوانترین نووسینەکانی نووسی)، وەکی "تەرابیشی" دەڵێت (ل ١٨٠). شایەنی باسە "لۆک ڤێری" فەیلەسوفیش هەمان هەڵوێستی نواند، سەروەختێک لە یەکێک لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا باسێکی پێشکێش بە هاووڵاتییانی توونس کرد، ئەمەشی بۆ ئەوە کرد تا رەخنەکانی خۆیی پێ پەردەپۆش بکات کە پێشتر لە کەلەپووری ئیسلامی گرتبوو. کەلەپووری ئێمە وەکی کەلەپووری تری مرۆڤایەتی موقەدەس نییە، بەڵام کەس بوێری ناکات تا رەخنەی لێ بگرێت یان بەشێوەیەکی زانستی و بابەتی تاوتوێی بکات، وەک چۆن ئەم پرۆسەیە بەسەر کەلەپووری مەسیحی لە ئەوروپادا جێبەجێ کرا.

"جۆرج تەرابیشی" ڕووی رۆشنی "حەسەن حەنەفی"مان بۆ ئاشکرا دەکات، کاتێک دەستبەرداری مەیلە شۆڤێنی و ئیسلام - سەنتەریزمییەکەی دەبێت و قسەگەلێکی رادیکاڵی لەم جۆرە دەنووسێت: (ئەرکی کەلەپوور و نوێبوونەوە ئەوەیە گرێ کوێرەکانی رابردوو بەیەکجاری بکاتەوە و نهێنییەکانی میراتی کۆن ئاشکرا بکات. ئەرکیان ئەوە دەبێت هەموو ئەو شتانە لە ڕەگوڕیشەوە هەڵبکەنن کە دەبنە رێگر لە بەردەم ئازادی و رزگاربووندا. گەر بێت و ڕەگوڕیشەی دواکەوتوویی دەروونی وەک خورافە و ئەفسانە و هەڵچوون و بەخواکردن و شەخس پەرستی و ناکارایی و ملکەچی نەگۆڕێت، ئەوا واقیعش گۆڕان بەخۆیەوە نابینێت. ئەرکی کەلەپوور و نوێبوونەوە رزگاربوونە لە هەموو جۆرەکانی دەسەلات. دەسەلات تەنیا دەبێت بۆ ئەقڵ بێت، بۆ پێداویستی ئەو واقیعە بێت کە تێیدا دەژین. لەم

پێناوەشدا دەبێت ویژدانی هاوچەرخمان لە ترس و فۆبیا و ملکەچیکردن بۆ دەسەڵات رزگار بکەین). (بروانە کتێبەکەی تەرابیشی، ل ٢٠٤). کێ دەتوانێت لەمە چاکتر بنووسێت؟ لێرەدا سەرنج دەدەین خاوەنی (کەلەپوور و نوێبوونەوە) (مەبەستی نووسەر حەسەن حەنەفی)یە، دەزانێت چۆن دەبێتە رۆشنگەرێکی راستەقینە، کاتێک خۆی لەو تەوقی ترس و بیمە رزگار دەکات کە شەقامی ئسووڵی دروستی کردووە.

بەبۆچوونی من لێرەدا شیکردنەوەی کۆمەڵناسی بەسەر "حەسەن حەنەفی" پراکتیزە دەبێت نەک شیکردنەوەی دەروونی، شیکردنەوەی کۆمەڵناسیش دەگونجێت بۆ لێکدانەوەی هەموو ئەو ناسەقامگیری و ناکۆکییەی لە بیرکردنەوەی ئەودا هەیە. ئەوێک کە دەیەوێت هەردوو بەرەی موحافیزکار و نوێخواز رازی بکات، واتە ئیخوان موسلمین و مارکسیستەکان پێکەوە. بەڵام لەبەرئەوەی جەماوەری موحافیزکارەکان هێزی گەورەی سەرشەقامی میسری و وڵاتانی عەرەبین بەگشتی، ئەوا زۆربەی زۆری نووسینەکانی بەو ئاراستەیەدایە کە لەگەڵ مەیلی ئەواندا دەگونجێت و بەدڵی ئەوانە. ئەم قسانە بۆ زۆربەی رۆشنبیرانی ئێمە راستە، ئەگەرچی لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت. رۆشنبیرانی ئێمە ناچارن سازش لەگەڵ فێندەمێنتالیست و کەلەپوورخوازەکاندا بکەن، لە ترسی ئەوەی نەک پلەوپایەی خۆیان لە کۆمەڵگەدا بدۆڕێنن و ژیانیان لە دەست بدەن! وەکی ئاشکرایە رۆشنبیرانی ئەوروپا، ئەوانەی لە سەدەی هەژدەدا دەستیان بە شەڕی رۆشنگەری کرد، باجێکی قورس و گرانیان دا لەو پێناوەدا.

پاشان "جۆرج تەرابیشی" چەند دەستەواژەیەکی جوانتری "حەسەن حەنەفی" دێنێتەوە، کە تێیدا هۆشیاریمان دەداتێ لەوەی (نابێت پەلە لە سەرلەنوێ بنیاتنانەوەدا بکەین، لە کاتێکدا پاشماوەی دنیای کۆن ماوە).. (ل، ٢٠٤-٢٠٥). ئەم قسانە تیۆریاکەی "دیکارت"مان بە بیر دێنێتەوە کە لە

کتێبەکەیدا (وتارێک لەبارەی میتۆد) باسی دەکات، لەبارەی پێویستی رووخاندنی کۆنەماڵەوە، بەرلەوەی دەست بە دروستکردنی ماڵێکی نوێ بکەین کە کراوە بێت بە رووی هەوا و رووناکی و ئازادیدا.

دواتر "حەسەن حەنەفی" ئەم دەستەواژە قەشەنگەش دەخاتەڕوو (تا ئێستاش بە وتەزا کۆنەکانمان ڕووبەڕووی شارستانییەتی هاوچەرخ دەبینەوە.. ئێمە لە بەرامبەر کەلەپووری هاوچەرخی خۆرئاوادا، لەژێر باری قورسی کەلەپووری کۆندا دەناڵێنین). (ل، ٢٠٥).

هەموو ئەم یاخیبوونە، "تەرابیشی" لە بەشی حەوتەمی کتێبەکەیدا بە ستایشەوە باسی دەکات، بەم جۆرەش ڕێز لە "حەسەن حەنەفی" دەنێت و مافی خۆی دەداتێ. "حەسەن حەنەفی" پیاوێکە هۆشیاریی تەواوی بەو حەقیقەتە هەیە کە: (گەر بێتو ئێمە هەڵوێستێکی رەخنەییمان لە کەلەپووری کۆن نەبێت، ئەوا تەواوی هەوڵ و کۆششە مەبەستدارەکانمان بۆ نوێکردنەوەی کۆمەڵگەی عەرەبی ئیسلامی شکست دێنێت. نەبوونی ئەم هەڵوێستە رەخنەیەشە دەرگای لە ڕووی بە ئەو هەڵگەڕانەوە سەلەفییەدا کردەوە کە لە ئەمڕۆدا جیهانی ئیسلامی گرتووەتەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم هەڵگەڕانەوەیە ئەوەیە شۆڕشە هاوچەرخەکانی عەرەبی، لە هەوڵی گۆڕینی بنیاتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکاندا بوون، بێ ئەوەی گۆڕانێکی هاوشێوەی ئەوانە لەسەر ئاستی بوونیاتی کولتووری و سیستەمی بیرکردنەوە بێنە گۆڕێ، هەر بۆیە ئەم شۆڕشانە گۆڕان و بوون بە دژە شۆڕش و شۆڕشی پێچەوانە... لە پای ئەمەشدا بزاوتێکی سەلەفی هاتە ئارا وەک ئەلتەرناتیڤێکی حەتمی بۆ بزاوتی عەلمانی). (ل، ٢٠٦).

پاشان "تەرابیشی" لە قسەکانیدا بەردەوامە و دەڵێت: (لەم گۆشەنیگایەوە، هەڵەی شۆڕشی هاوچەرخی عەرەبی لەوەدایە نوێخواز بوو، بەڵام رۆشنگەر نەبووە، وەکی ئەوەی حەسەن حەنەفی باسی دەکات). قسە

لەمە ڕوون و ڕەوانتر دەبێت چی بێت؟ ئایا ئێمەش هەر ئەم قسانە ناکەین؟ مەبەستم لە ئێمە ئەو نەوەیە کە سەر بە نەوەیەکی ترن و جیاوازین لە نەوەی "حەسەن حەنەفی" و هاوڕێکانی.

بەڵێ "تەرابیشی" لێرەدا نووسینێکی شیکاری گرینگمان نەک تەنیا لەسەر فیکری "حەسەن حەنەفی" بەردەست دەخات، بگرە تەواوی ئیشکالیاتی ڕێنیسانس و هەڵگەڕانەوەی سەلەفییەتیشمان پێشکێش دەکات، کە لەمڕۆدا بەسەر ئەقڵ و بیرکردنەوەی ڕۆشنبیرانی ئێمەدا زاڵە. لە ڕاستیدا ئەو گەورەترین پرۆسەی توێکاری یاخۆ لێکشیتاڵکردن بۆ گوتاری هاوچەرخی عەرەبی ئەنجام دەدات. لە ڕێی لێکشیتاڵکردن و ئەناتۆمیکردنی بیروڕای دەیان ڕۆشنبیری گەورە و بچووک، خەم و خولیای ڕۆشنبیریی عەرەبی و ئەو کێشانەی بەدەستیانەوە دەناڵێنێت و ئاقارە جۆرەوجۆرەکانی ناویمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. دوای ئەوەی هەموو ڕووەکانی وێنەکەمان لا ئاشکرا دەبێت و لە ڕێی شیکارییەکی ورد و چڕەوە، بە ئاسانی دەتوانین بزانین دەبێت چی بکەین و چی نەکەین. کتێبەکەی "تەرابیشی" بە هەردوو بەشەکەیەوە، زۆر بەچاکی دەستنیشانی بارودۆخی ئێستای ڕۆشنبیریی عەرەبی دەکات. دەستنیشانکردنی ڕاست و دروستی نەخۆشیش نیوەی چارەسەرە. لە ڕێی ئەم لێکدانەوەو دەستنیشانکردنە ڕاست و دروستانەوە، دەردەکەوێت کە "تەرابیشی" یەکێکە لە گەورە بیریارانی ڕۆشنگەری ئێمە.

بەشی دووەم

## رۆشنبیرانی عەرەب و کەلەپوور
## لەبارەی کتێبەکەی "جۆرج تەرابیشی" :
## کوشتارگەی کەلەپوور لە رۆشنبیریی
## هاوچەرخی عەرەبیدا

## ١
## خستنە ڕووی ئیشکالییەتێکی گشتی:
## بە ئایدیۆلۆجیکردنی کەلەپوور

یەکەمین شتێک کە لەم کتێبەدا بە باشی بۆ "تەرابیشی" بنووسرێت، ئەوەیە دەستبەرداری میتۆدی دەروونشیکاری بووە، ئەو میتۆدەی لە بنەڕەتدا پشت بە زاراوە سێکسییەکان دەبەستێت. وەکی ئاشکرایە ئەم میتۆدە پانتاییەکی گەورەی لە کتێبی پێشووتریدا داگیر کردبوو.[٥] تۆ بڵێی ئەوە بگەڕێتەوە بۆ قەناعەتی تایبەتی خۆی، یاخۆ ملدانە بە لێشاوی ئەو ڕەخنانەی کتێبی یەکەمی ڕووبەڕووی بووەوە؟ ئێمە پێمان وایە لەبەر ئەگەری دووەمیانە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە قەناعەتی شەخسی خۆی هیچ ڕۆڵێکی لەم وەرگۆڕانە میتۆدییانەدا بووە.

بەهەرحاڵ ئەو لێکۆڵیارەی سوود لەو ڕەخنانە دەبینێت کە ئاراستەی کتێبەکانی پێشووتری دەکرێت و میتۆدی خۆی بەپێی کاردانەوە جدییەکان دەگۆڕێت و گەشەی پێ دەدات، کەسێکی دۆڕاو و سازشکار نییە، بگرە ئەو هەڵوێستەی تەعبیرە لە ئەقڵییەتێکی شێلگیر و مێشکێکی کراوە. ئەو کەسەی وا دەکات دەیسەلمێنێ کە دۆگماتیست نییە و سوور نییە لەسەر نەگۆڕینی بیر و بۆچوونەکانی پێشتری. ئەو قسانەی لێرەدا دەیکەین وەک ڕەخنەگرتنێک، بێگومان مانای ئەوە نییە میتۆدی دەروونشیکاری کەڵکی نییە و بەسەرچووە! هیچ کەسێکی ژیر قسەی وا ناکات، چونکە ئەو میتۆدەی "فرۆید" بە یەکێک لە کەشفکردنە سەرەکییەکانی مێژووی زانین ئەژمار دەکرێت.

سەرەڕای هەموو ئەو مشتومڕە ئەپستمولۆجییەی هەنووکە لە کایەی ڕۆشنبیریی فرەنساییدا دەکرێت، لەبارەی ڕادەی زانستی و نازانستێتییەوە دەروونشیکاری و سەرەڕای ئەو پێشکەوتنە زانستییەی لە چەند ساڵی دواییدا زانستی دەمارەکانی مێشک بە دەستی هێناوە، بەڵام تا ئێستاش ئەو دۆزینەوە سەرەکییەی دامەزرێنەری قوتابخانەی دەروونشیکاری هەروەکی خۆی ماوەتەوە، بە تایبەت دوای ئەوەی دەروونشیکاری لەلایەن هەواداران بیر تەسکەکانیەوە، بوو بە زمانێکی ناوەکی ئاڵۆز و بە گرێ و گواڵ. مشتومڕ و ململانێی ئەمانە، گێرمە و کێشە و مشتومڕە نەزۆکەکانیان، تیۆلۆجیستەکانمان بە بیر دێنێتەوە لە سەدە تاریکەکانی ناوەڕاستدا. ئەم کێشەیە بە گشتی پێوەندی بە چۆنیەتی پراکتیزەکردنەوە هەیە. ئەمەش هەر بە تەنیا میتۆدی دەروونشیکاری ناگرێتەوە، بگرە سەرجەم ئەو میتۆدانەش دەگرێتەوە کە لە کایەی ڕۆشنبیریی ئەوروپاییمان خواستووە، وەک: (مارکسیزم، ئێگستانسیالیزم، کانتیزم، هیگلیزم، ستراکچرالیزم، فۆکۆیزم و.. هتد). پراکتیزەکردن یان سەرکەوتووانە و ژیرانە و دروست دەبێت یاخۆ پووچ و بەتاڵ دەردەچێت. ئەم مەسەلەیە سەرجەم لێکۆڵیارانی ئێمە دەگرێتەوە، بەبێ هەڵاوێرد.

ئەمەش هەر بەتەنیا کایەی فیکر ناگرێتەوە، بگرە پێوەندی بە کایەی ڕەخنەی ئەدەبیشەوە هەیە (بڕوانە ئەم میتۆدانە چییان بەسەرهات، کاتێک بەشێوەیەکی زۆر هەڵەشە بەسەر ئەدەبی کۆن و نوێماندا پراکتیزە کران و بوونیاتگەر و مارکسیزمەکان گەیشتنە چ دەرەنجامێکی ناقۆڵا..). کەواتە "تەرابیشی" دەستبەرداری ئەو پەرگیرییانەی میتۆدی دەروونشیکاری بوو، بەمەش کارێکی چاکی کرد. بەڵام لەم کتێبەشیدا دەستەواژەیەک هاتووە کە کەم تا زۆر ئەو میتۆدەمان بە بیر دێنێتەوە، ئەم دەستەواژەیەش وردە و لە جێی خۆیدا بەکارهاتووە، لەبەرئەوەی دوورە لە هەموو پەرگیری و زیادەڕۆییەک. ئەم دەستەواژەیە باس لە (برینی نێرگسی) دەکات یاخۆ باس

له (سارێژکردنی ئەو برینە نێرگسییە دەکات کە خۆشبوونەوەی ئەستەمە، بە هۆی شکستی عەرەب لە بەردەم پرۆژەی دەوڵەتی ئیسرائیلدا) (ل ٦).

شـایەنی باسـە ئەم (بـرینە نێـرگـسـیـیـە) تا بێت لە وڵاتانی عـەرەبی و ئیـسـلامـیـدا گـەورەتر دەبێت، ئەویش بـە هۆی سـەرکـەوتنی کـەم وێنە و لە رادەبەدەری شـارسـتـانـیـیـەتی مـۆدێرنی خـۆرئاواو بۆڕدانـەوەی تەواوی شـارسـتـانییـەتەکانی ئێـستـا و رابردووش. ئەم سـەرکـەوتنەش راسـتـییـەکی حاشا هەڵنەگر و بەرچاوە، لەسەر ئاستی زانستی و پزیشکی و تەکنۆلۆجی. وەک چۆن ئەم پێـشـکـەوتنە بە ئاشکرا لە ڕووی فـەلـسـەفی و زانسـتـە مرۆڤایەتی و کـۆمـەڵایەتییـەکانیـشـەوە دیارە. لێرەوەیە جیـهـانی ئیـسـلامی هـەست بـە ژان و ژارێکی زۆر دەکـات، بە هـۆی باڵادەسـتـی جـیـهـانی خۆرئاوای- مـەسیحی بە سەریدا، ئەم باڵادەستییەش لە سـەدەی هەژدەمەوە لە زیادبووندایە و یەکلایی بووەتەوە.

سـەرەڕای ئەوەش ئەم باڵادەسـتـییە لەسـەر ئاسـتی هێـزیش (واتە لەسـەر ئاسـتی سـەربازیش) یەکلایی بووەتەوە. هاوڵاتی عەرەب و موسـڵمـان هەست دەکات کە ئەو لە نـاخـەوە برینداركراوە و شکۆی لەکـەدار بووە، بە هۆی ئەو سـەرکـەوتنە گـەورەیەی نەیارە مێژووییـەکـەی لەوبەر دەریای ناوەڕاسـتـەوە، تۆمـاری کـردووە. لێـرەدا دەروونـشـیـکاری دەتوانێت ڕۆڵی خـۆی لە شـرۆڤـەکردنی ئەو دیاردەیەدا بگێڕێت، بەڵام بێ ئەوەی خـۆی لە لێکدانـەوەی مـێـژوویی و هـۆکـارەکـانی تر دابڕێت. هۆکـاری دەروونی ڕۆڵـی خـۆی لەو پەرچەکردارەدا دەبینێت کە ژێردەسـتە لە بەرامبەر سـەردەستدا دەینوێنێت، بەڵام پەرچـەکـرداری دەسـتـەجـەمـعی، زیاتر دەروونـشـیکاری کـۆمـەڵایەتی بەسـەردا جێبـەجێ دەبێت، وەک لە دەروونشیکاری تاکەکەس یاخۆ سێکسی کە "تەرابیشی" هەوڵی پراکتیزەکردنی داوە.

"تەرابیشی" پێیوایە ئەم هەلومەرجە دەبێتە مایەی شێواندنی دنیابینی

لەبارەی لێکدانەوە و تاوتوێکردنی کەلەپووری عەرەبی- ئیسلامی. لێکۆڵیارە هاوچەرخەکانی ئێمە بە هۆی ئەم هەلومەرجە دژوار و ناهەموارەوە، سەر لە تاوتێکردنی کەلەپوور دەرناکەن، چونکە لەلایەک هەستی خۆ بەکەم زانینێکی زۆر بە سەریاندا زاڵە و، لەلایەکی تر هەست بە هێز و توانایەکی بێشومار دەکەن کە بە تاڵە و هیچ بنەمایەکی لەسەر زەمینەی واقیع نییە.

"تەرابیشی" لە پێشەکی کتێبەکەیدا، دوو بۆچوونی دژ بەیەکی "جەلال عەبدوڵلا مەعوەز" و "حەسەن حەنەفی" لە مەڕ کەلەپوور دێنێتەوە و دەڵێت: (یەکەمیان خواستێکی پێشوەختی هەیە بۆ بێگوناه نیشاندانی کەلەپوور، بەڵام دووەمیان ئارەزووی پێشوەختی هەیە بۆ تاوانبارکردنی. لە نێوان ئەم دوو خواستە دژ بەیەکەدا، حەقیقەتی مێژوویی بزر بوو، هەر بزریش دەبێت مادامەکی بە چاوێکی بابەتییانە سەیر ناکرێت، بە دوور لە خواستی بەرز نرخاندن و شێواندن و ئەو ململانێ ئایدیۆلۆجییەی هیچ خزمەتێک بە جەوهەری کێشەکە ناکات). (ل ١٠).

"تەرابیشی" دوای ئەوەی ئیشکالییەتە سەرەکییەکەی دەخاتە ڕوو کە تایبەتە بە ئایدیۆلۆجیاییکردنی کەلەپوور بە شێوەیەکی بێ سنوور و لە رادەبەدەر، دێتە سەر ئەوەی لە ڕێی لێکۆڵینەوەیەکی پراکتیکی زانستییەوە ئەم مەسەلەیە بسەلمێنێت. بۆ ئەمەش هەندێ کارەکتەری ئەو ئاقارە ئایدیۆلۆجییانە دەستنیشان دەکات کە لە واقیعی عەرەبیدا هەن. شیکارییە رەخنەییە توندەکەی، زیاتر ڕووی لە لایەنگرانی ڕێبازی مارکسیزمە بە هەردووباڵە ئەرسۆدەکسی و- نا ئەرسۆدەکسییەکەیەوە (واتە تۆفیق سەلووم و سەمیر ئەمین)، هەروەها ئاقاری ناسیۆنالیستی بە بەرەی عەلمانی و ئیسلامییەوە (نموونەکانیان وەک زەکی ئەرسۆزی و محەمەد عەممارە)، لەگەڵ ئاقاری زانستی پراگماتی (کە زەکی نەجیب مەحموود نوێنەرایەتی دەکات)، دواجاریش ئاقاری زانستی ئەپستمۆلۆجی (کە محەمەد عابد

جابری نوێنەرایەتی دەکات).

لێرەدا سەرنج دەدەین "تەرابیشی" تەنیا یەک ڕێبازی فەرامۆش کردووە، ئەویش ڕێبازی ئیسلامی تەقلیدییە. ڕەنگە ئەمەش لەبەر ئەوە بێت کە ئەو پێی وا بووبێت باسوخواسی ئەو ئاقارە بە جۆرێک لە جۆرەکان جیاواز بێت لە باسوخواسی ڕێبازە مۆدێرنەکانی تر، بۆیە بێدەنگی لێ کردووە و نەگەڕاوەتەوە سەری. یان ڕەنگە لەبەرئەوەی ئەم ڕێبازە میراتی رابردووە و کاتی بەسەر چووە، هێنانەوە بەرباسی بە گرینگ نەزانیبێت، یاخۆ تەنانەت بەشایستەی ئەوەی نەزانیبێت قسەی لە بارەوە بکرێت، لەبەر ئەو خەسڵەتە تەقلیدی و نامێژوویی و نازانستییەی هەیەتی.

هەرچۆنێک بێت "تەرابیشی" بە ئاشکرا مەبەستی خۆی لەم لێکۆڵینەوەیە رادەگەیەنێت: (ئەو نایەوێت قسە لە بارەی کەلەپوورەوە بکات، بگرە مەبەستی ئەو قسەکردنە لەسەر ئەوانەی بەلێکۆڵینەوەی کەلەپوورەوە خەریکن). واتە ئەم کارەی ئەو گوتارێکە لەبارەی گوتارگەلێکی ترەوە و گوتارێکی خۆبەخۆ و ڕاستەوخۆ نییە، بەڵام ناوبەناو و زۆرجاریش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ قەرەی کەلەپوور دەکەوێت و بۆچوونێکی دیاریکراوی لە بارەوە دەڵێت.

"تەرابیشی" چەند بیەوێت حاشا لەوە بکات و لێی ڕا بکات، بەڵام هەر ناتوانێت بە تەواوەتی پەردەپۆشی بکات و بیشارێتەوە. لە ڕاستیدا نایشارێتەوە و بگرە هەندێ جار بە ئاشکرا دەیڵێت، بەتایبەت کاتێک تاوتوێی ئەم تێزە یان ئەو تێزەیە دەکات. بەڵام مەبەستی سەرەکی ئەو سەلماندنی مایە پووچی ئەو گوتارە ئایدیۆلۆجییانە و نیشاندانی لاوازی و بێ بنەماییانە لە تاوتوێکردنی مەسەلەی کەلەپووردا. ئەو گوتارە ئایدیۆلۆجییانە بە فیعلی کوشتارگەیەکیان بۆ کەلەپوور چێ کردووە و جەستەی کەلەپووری ئیسلامیان ونجڕ ونجڕ کردووە. ئەمانە بەشێک لە

کەلەپوور دەخوازن و بەشێکی تر فەرامۆش دەکەن، بەم کارەش یەکەتیی و یەکپارچەیی مێژوویی و ناوەکی کەلەپوور لەناودەبەن و پایەماڵی دەکەن. لە سەردەستی ئەو ئاقارە ئایدیۆلۆجییانە، کەلەپوور بووەتە جەستەیەکی بێ پەلوپۆ و باسوخواس لەبارەی کەلەپوورەوە شێوێنراوەو لە سیاقی خۆی کراوەتە دەرەوە.

## ٢
## مشتومڕ لەگەڵ زەکی نەجیب مەحموود

ئەوەی ڕاستی بێت "تەرابیشی" زۆر بە ئاشکراکردنی خەسڵەتی ئایدیۆلۆجی ئەو نووسین و لێکۆڵینەوانەوە ماندوو نەبووە، کە پڕکێشی ئەوە دەکەن لە ڕوانگەیەکی مارکسیستانە یان پێشکەوتنخوازی یاخۆ چینایەتی و نەتەوایەتی و تەنانەت ئەپستمۆلۆجیشەوە، تاوتوێی کەلەپوور دەکەن. بەبۆچوونی من لێرەدا تەنیا یەک کێشە هەیە، ئەویش لەگەڵ سێیەم نەسکی کتێبەکەدایە، واتە لەگەڵ ئەو نەسکەدایە کە تەرخانە بوو زەکی نەجیب مەحموود". لێرەدا پێدەچێت "تەرابیشی" پچێک دوودڵ بێت، هەرچەندە لێهاتووانە دەکەوێتە ڕانان و لێکدانەوەی بیر و بۆچوونەکانی. هەندێ جار مرۆڤ هەست دەکات "زەکی نەجیب مەحموود" بە زۆر هێنراوەتە ریزی ئەو ئایدیۆلۆجیستانەی، دەستیان بە سەر وتەزا و بیر و بۆچوونەکانیاندا دەشکێت و نە بەسەر شێوازی نووسین و دەربڕینیشیاندا. لێرەدا یەکەم سەرنجێکی ڕواڵەتی هەیە، بەڵام گرینگە: ئەویش ئەوەیە کە بۆچی "تەرابیشی" لەژێر سەردێری ئاقاری زانستیدا پۆلێنی دەکات و کەچی دواتر دەکەوێتە تێکوپێکدانی هەموو پێگەکانی؟ لێرەدا دەبوو تێرمی زانستچی بەکاربهێنایە نەک زانستی... لە ڕاستیدا لە دووتوێی ئەو بەشەشدا هەروا دەکات یان دەیتوانی وشەی (زانستی) بخاتە ناو دوو کەوانەوە، تا لەوانەی جیا بکاتەوە کە زانستخواز نین و لافی زانست و زانستخوازی لێ دەدەن. چونکە وشەی (زانستی) وشەیەکی پۆزەتیڤە و گومانی لەسەر نییە. بگرە لێرەدا پێویستە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو کاریگەرییە خراپانەی،

ئایدیۆلۆجیا لەسەر خوێندنەوەی کەلەپوور جێی دەهێڵێت. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە "تەرابیشی" شەرێکی ئەپستمۆلۆجی بچووک لەگەڵ "زەکی نەجیب مەحموود" بەرپا دەکات، کاتێک دەڵێت: (گومانی تێدا نییە هەندێ میتۆدی زانستی دەگۆڕێن و دەبنە جۆرێک لە ئایدیۆلۆجیا، کاتێک پڕکێشی لە دۆگماتیستی زانستگەراییدا دەکات و پێیوایە دەتوانێت لە پرۆسەی گەڕان و پشکنینی بە دوای راستیدا، لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بگاتە ئاستی یەقین و دڵنیاییەک کە هاوتای یەقین و دڵنیایی زانستە سروشتییەکان بێت). (ل ٥٢).

لەمەدا "تەرابیشی" لەسەر هەقە و راستی پێکاوە، چونکە ئەم هەڵوێستە ئەپستمۆلۆجییە لە ئێستادا پەسەند کراوە و لە کایە نێودەوڵەتییەکانی تۆژینەوەی زانستیدا کاری پێدەکرێت. ئەو ئاراستە زانستییەی زانستە مرۆڤایەتییەکان هەیانە، لە ئاست ئەو پلە زانستییەدا نییە کە زانستە سروشتییەکانی تری وەک فیزیا و ماتماتیک هەیانە. زانستە مرۆییەکان لە بەردەم ئەگەری ئەوەدان کە لەلایەن ئایدیۆلۆجیاوە زەفەریان پێ ببرێت، ئەگەر بۆ خۆیان ئایدیۆلۆجییانە بن. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەوەی لێکۆڵینەوەکە دەکات و ئەوەشی بابەتی لێکۆڵینەوەکەیە، هەردووکیان یەک رەگەزن (مرۆڤ لە مرۆڤ دەکۆڵێتەوە). ئەمە لە کاتێکدا مرۆڤ سەروەختێک لە مادەیەکی زیندوو دەکۆڵێتەوە (رووەک بێت یان ئاژەڵ)، یاخۆ لە مادەیەکی بێگیانی (وەک فیزیا و گەردوون)، یان مادە ئەبستراکتەکان (ماتماتیک)، ئەوا لە شتێک دەکۆڵێتەوە کە لە دەرەوەی خۆیەتی و جیاوازە لە خۆی، لەبەر ئەوە مەسەلەی خودگەرایی زاڵ نابێت بەسەریدا و تێکەڵ بە لێکۆڵینەوەکەی نابێت. بەڵام سەروەختێک دێتە سەر ئەوەی قسە لەسەر خۆی و کۆمەڵگەکەی بکات، ئەوا هەرچی بکات ناتوانێت سەرلەبەر لە خۆی جوێ بێتەوە یان بگاتە ئەوەی بە شێوەیەکی بابەتییانە لە مەسەلەکە بڕوانێت. ئەمە کێشەیەکی ئاڵۆزە و زانستە مرۆڤایەتییەکانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە. هەر لەبەر

ئەمەشە زانایان جیاوازی لە نێوان ئەپستمۆلۆجیای زانستە مرۆڤایەتییەکان و ئەپستمۆلۆجیای زانستە سروشتییەکاندا دەکەن.

رەخنەگرتنی "تەرابیشی" لە پۆزەتڤزمی لۆجیکی یان لە قوتابخانەی سوودخوازی "جێرمی بنتام" کە "زەکی نەجیب مەحموود" تەبەنی دەکات، کەم تا زۆر لە جێی خۆیدایەتی، چونکە ئەم قوتابخانەیە تەنیا وەک کۆمەڵە ئامێر و هاوکێشەیەکی ماتماتیکی سەودا لەگەڵ زانستدا دەکات. ئێمە ئەوەش دەزانین فەلسەفەی شیکاری یان پۆزەتڤستی لۆجیکی کە بەسەر رووبەرێکی بەرفراوانی کایەی فیکری لە جیهانی ئەنگلۆسەکسۆنیدا زاڵە، ئیعتراف بە زانستە تیۆرییەکان و فەلسەفە ناکات و تەنانەت بە چاوێکی سووک لێیان دەڕوانێت و بە هەرزەگۆیییەکی بێهوودەیان دەزانێت (ئەمەش هەڵوێستی پۆزەتڤیستە پەرگیرەکانی فرەنساشە). جارێکیان "مارتن هایدگەر" وەڵامی هەموویانی بە توندی دایەوە و وتی: (زانست بیر ناکاتەوە! زانست کەشف دەکات و شت دادەهێنێت و ئامێر چاک دەکاتەوە، بەڵام لە بیرکردنەوەی تیۆریدا و تەنانەت لەو بەرەنجامانەش کە خۆی پێیان دەگات دەستەوستانە. ئەوە تەنیا فەیلەسووفە کە بیر دەکاتەوە).

بەهەرحاڵ ئەمە بۆخۆی مشتومڕێکی توند و کوشندەی نێوان فەیلەسووفە ئەبستراکت و زانا پسپۆڕەکانە، ئەوانەی هێندەی تۆزقاڵێک لە بوارەکەی خۆیان دوورناکەونەوە. ئەمە دوو بۆچوونی ناکۆک و دژ بەیەکن بۆ زانست و فەلسەفە، بەڵام بۆچوونێکی تریش هەیە جیاوازە لەوان. هەرچۆنێک بێت ئەوا فەلسەفەی پۆزەتڤستی، ئەو فەلسەفەیەی "زەکی نەجیب مەحموود" پەیڕەوی دەکرد، کۆی فەلسەفەکانی تری، وەک شتێکی بێمانا و میتافیزیکی سەیر دەکرد، لەبەرئەوەی پابەندی هاوکێشە زانستییەکان و پێودانگە ماتماتیکییە زۆر وردەکان نین. بۆیە هەوڵ دەدەن گوتاری فەلسەفی بگۆڕن بە گوتارێکی زانستی وا کە پڕی بێت لە ئاماژە و هاوکێشەی ماتماتیکی. لێرەوە

پۆزەتڤستیە لۆجیکییەکان لە "هیگڵ" و تەواوی بۆچوونە فەلسەفییە ئاست بەرزەکان داخ لە دڵن و وەک ورێنەیەکی بێمانا سەیری دەکەن

بەڵام پێدەچێت "جۆرج تەرابیشی" دەرهەق بە "زەکی نەجیب مەحموود" زۆر ناهەقی کردبێت، کاتێک سووکایەتی بەبێداربوونەوە نیگەرانییەکەی دەکات و گەڕانەوەشی بۆلای کەلەپووری ئیسلامی بە درۆ و ساختە دەزانێت. بەڵام بە چ حەقێک وا دەڵێت؟ رەنگە ئەو لە بێداربوونەوە و گەڕانەوەکەی راستگۆ بووبێت، بۆ خۆشم پێم وایە ئەو پیاوێکی راستگۆیە[6]. گوناهی ئەو چییە گەر پەی بەوە بردبێت کە گەردوون و چەمک و دنیابینی کەلەپوور، سەربە جیهانێکی ترە و لەگەڵ کێشە و پێداویستییەکانی ئێمەدا یەک نایەتەوە؟ کێ دەتوانێت بەرپەرچی ئەمە بداتەوە و نارازی بێت لەم تێزەیە؟ ئایا ئێمەش هەست بەمە ناکەین، سەروەختێک تۆز و غوباری سەر کتێبەکانی کەلەپوور دەسڕین و کتێبەکانی کەلەپوور دەکەینەوە و هەوا خنکێنەرەکەی هەڵدەمژین؟ وەکی ئاشکرایە تەواوی کەلەپوور سەر بە فەزای ئەقڵی سەدەکانی ناوەڕاستە، نەک سەر بەفەزای ئەقڵی مۆدێرن بێت.

ئەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نایەت کە کەلەپوور بۆ ئێمەومانانێک کە لە سەردەمی مۆدێرندا دەژین، کەڵکی نییە و خوێندنەوەی کات بە فیڕۆدانە. نەخێر بە پێچەوانەوە، خوێندنەوەی کەلەپوور بۆ ئێمە زۆر بە سوودە، بە تایبەت ئەگەر بە چاوێکی تازە و بە دنیابینییەکی نوێوە ئەو پرۆسەی خوێندنەوەیەمان ئەنجامدا. بگرە سەرلەنوێ خوێندنەوە و شرۆڤەکردنەوەی، بووەتە ئەرکێکی هەنووکەیی و پێویستە ئەنجامی بدەین و هەندێ جاریش دەبێتە کۆسپێکی فیکری و سیاسی کە دەبێت رابماڵدرێت، گەر ویستی پێشکەوتن و بەرەو پێشچوونمان هەبێت.

"تەرابیشی" دەیتوانی لە روویەکی ترەوە رەخنە ئاراستەی "زەکی نەجیب مەحموود" بکات، ئەو کات رەخنەکەی بەهێزتر و جێی رەزامەندی دەبوو.

چونکە "زەکی نەجیب مەحموود" پێی وایە هەموو خەڵک وەکی خۆی بیرکردنەوەیان ئازاد بووە یان پۆزەتیڤستی لۆجیکیان لە زانکۆکانی ئینگلتەرا و ئەمەریکا خوێندووە و لە دەست پاشماوەکانی کەلەپوور قوتاریان بووە و هەر هەموویان بوونەتە خەڵکانێکی زانستی و پۆزەتڤستی و مۆدێرن و پێشکەوتنخواز و... هتد. تەنانەت پێیوایە خۆشی لە کەلەپووری باوو باپیرانی رزگاری بووە، بەوەی توانیویەتی باز بەسەریدا بدات. ئەم وەهمە بەڵگەی لە دەستدان و ونکردنی هەستی مێژوویییە، لای "زەکی نەجیب مەحموود" و لای زۆربەی زۆری رووناکبیرانی نوێخوازی عەرەب. با گوێ بۆ "زەکی نەجیب مەحموود" بگرین کە لە کتێبەکەیدا (نوێکردنەوەی هزری عەرەبی) دەڵێت چی:

(من رێک و راست و بە ئاشکرا دەڵێم: یان دەبێت سەردەمی خۆمان بە پێی بیرکردنەوە و کێشەکانی ئێستا بگوزەرێنین، یاخۆ دەبێت ئافەرۆزی بکەین و دەرگا بە روویدا دابخەین، بۆ ئەوەی لەناو کەلەپووری خۆماندا بژین.. ئێمە لە مەدا ئازادین، بەڵام ئازادیی ئەوەمان نییە کە هەردوو دنیابینییەکە پێکەوە کۆبکەینەوە). (بڕوانە کوشتارگەی کەلەپوور– ل ٦٤، ٦٥). "تەرابیشی" دەبوو لەم خاڵەدا "زەکی نەجیب مەحموود"ی بگرتایە و رەخنەی ئاراستە بکردایە. کێشەی "زەکی نەجیب مەحموود" و هەموومان لێرەدایە کە ناتوانین سەردەمی خۆمان بژین، هۆکاری ئەمەش ئاسانە، لەبەرئەوەی ئێمە تا ئێستاش خۆمان لە کەلەپوور قوتار نەکردووە، واتە خۆمان لە خۆمان ئازاد نەکردووە بەو شێوەیەی کە ئەوروپاییەکان لە سەدەی شازدەمەوە تا سەدەی نۆزدەم کردیان.

کەواتە ئیتر چۆن دەتوانین پێوەندییەکی سروشتی و تەندروست لەگەڵ ئێستادا بسازێنین، لە کاتێکدا هیچ کێشەیەکی کەلەپوور و رابردوومان یەکلایی نەکردووەتەوە؟ ئەمە بۆخۆی خەیاڵپڵاو تراویلکەیە و کارێکی مەحاڵە.

لێرەشدا نا- مێژوویەتی هەڵوێستی "زەکی نەجیب مەحموود" و ئایدیۆلۆجیا شاراوە و عەدەمییەتەکەیمان بۆ ئاشکرا دەبێت. مرۆڤ هەر بەتەنیا بەوە دەستبەرداری کەلەپوور نابێت کە بزانێت شتێکە و سەر بە گەردوونی بیرکردنەوەی سەدەکانی ناوەڕاست و رابردوو، چونکە لە ناخماندا رەگی داکوتاوە و چووەتە ناخود ئاگامانەوە و هەندێ جار لە هەڵسوکەوتماندا رەنگ دەداتەوە. تەنانەت ئێمەومانانیش کە لە زانکۆکانی ئەمەریکا و ئەوروپا خوێندوومانە، نەمانتوانیوە وەک پێویست خۆمان لە کەلەپوور قوتار بکەین.

ئێمە کاتێک باس لەم مەسەلەیە دەکەین (مەسەلەی کەلەپوور)، دەبێت راستگۆبین. ئەزموونی ئەوروپا لەگەڵ کەلەپووره مەسیحییەکەیدا، پێمان دەڵێت رزگاربوون لە شتێک ئەوکاتە مەیسەر دەبێت کە شەڕێکی بێئامانی ناوەکیمان لەگەڵدا کردبێت. چونکە رزگاربوون لە ڕێی بازدان بەسەر شتەکاندا، ئازادبوون و رزگاری نییە (لەم بارەیەوە بڕوانە کتێبی- قەیرانی هۆشیاری ئەوروپایی- کە لە نووسینی پۆل هازارە). ئێمە بمانەوێت یان نا، دیل و بەندی کەلەپوورێکی خێڵەکی و مەزهەبین. گەورەیی و مەزنی ژیاری ئەوروپاییش لەوەدایە کە بە ئاشکرا و ڕووبەڕوو کەوتە شەڕ لەگەڵ موقەدەسترین شتەکانی دنیای خۆیدا.

کەواتە "زەکی نەجیب مەحموود" مافی خۆیەتی رەخنە لە کەلەپوور بگرێت و بە شتێکی بداتە قەڵەم کە سەر بە رابردووە، بەڵام مافی ئەوەی نییە بڵێت مادامەکی شتێکە سەر بە رابردووە، ئیتر کۆتایی هاتووە یاخۆ لە واقیعی ئێستادا سڕاوەتەوەو ئاسەواری نەماوە. چونکە رۆشنبیریی کەلەپوور، واقیع و شەقام و بوونی عەرەبی داگیر کردووە. لە ڕووی سۆسیۆلۆجییەوە، کولتووری مۆدێرن تایبەتە بە دەستەبژێرێکی کەم و تەنانەت ئەم مۆدێرنەیە خۆشی ئەوەندە قووڵ نییە و بە ناخی ئەوانەی ئیدیعای دەکەن قووڵ رۆنەچووە. بگرە ئەم مۆدێرنەیە لای زۆربەی ڕووناکبیران لەرزۆک و ڕووکەشە

(بڕوانە چۆن چۆنی لە پڕێکدا مـارکسـیسـتێک دەبێتـە ئیسـلامیـست و ئیـسـلامـیـسـتـێکیش دەبێـتـە مـارکـسی). هۆکـاری ئـەمـەش ئەوەیە کـە بە ئامادەکراوی لە خەڵکانی ترەوە بۆمان هاتووە و بەرهەمی خۆمان نییە.

ئێـمـە لەوەدا کـۆک و تەباین لەگەڵ "زەکی نـەجیب مـەحـمـوود" کـە دەبێت دابڕانێک لەگـەڵ کـەلەپووردا دروست بکـەین، بەڵام بەو شـێـوەیە نا کـە ئەو مـەزەندەی دەکات. واتە ئەو دابڕانەی ئێمـە دەیخـوازین نەعەدەمـیـانەیە و نە بازدانیشە بەسەر قۆناغەکاندا، بگرە دابڕانێکی شێلگیرانە و ناوکۆییانەیە. لەبەر ئەوە پێـمـان وایە ئەو ڕێبـازی "زەکی نەجیب مـەحـمـوود" دەیگرێتە بەر، زۆر ڕووکەش و میکانیکییە و گوێ بە کەند و کۆسپەکان نادات. بۆ نموونە با گـــوێ لـەم پەرەگـــرافـــەی بگرین بزانـین دەڵێت چی: (گـــۆڕانێک بـەســـەر رابـردوومـــاندا نـایـەت بەرەو نـوێبـــوونەوە، گـــەر ئـەو پـرۆســـەیەمـــان بـە دەسکاریکردنی ڕەگوڕیشـەکـان دەست پێ نەکـرد. واتە دەبێت لە جـێی ئەو پرانسیپانەی ریشەکێشیان دەکەین، پرانسیپ گەلێکی تر لە جێیانە دابنێین، هاوکات نموونەی باڵای نوێ بێنینە جێی ئەو نموونە باڵایانەی لە سـەردەمی خۆیاندا نموونەی باڵابوون و لە ئێستادا وا نەماون). (ل ٦٥).

بەڵام گومانی تێدا نییـە پرۆسەی جێگۆڕکێکردن، بەو ئەندازەیە ئاسـان و مـیکانیکی و ڕووکەشـانە نییـە. ئەو شـتـەی "زەکی نەجیب مـەحـمـوود" بیری چووە باسی بکات ئـەوەیە کە (ریشـەکێشـکردنی پرانسـیپ و بنەمـاکـان)، بۆ خـۆی پرۆسـەیەکی هەمـەلایەنە و سـەراپاگیرە و هیـچی لە پرۆسـەی بنیـاتنان کەمتـر نییـە، مـەبەستم لـە بنیاتنانیش بنیـاتنان و جێگیرکردنی پرەنسـیپی نوێیە. ئەم پرۆسـەیە لە ئەوروپا سێ سەد ساڵی ویست. ڕەخنەی مێژوویی لە تێکستە پیرۆزەکانی مەسیحییەت (واتە لە کەلەپوور)، ناڕەزاییەکی زۆری لە ناوەندە مەسیحییە موحافیزکارەکاندا دروست کرد و ئەم هەرایەش تەنیا لە ناوەڕاستی ئەم سـەدەیەدا هێور بووەوە (بڕوانە: قـەیرانی مۆدێرنە و کێشـەی

بیـرمـەندی ڕەخنەگـری مـەسـیـحی لـوازی و شـێـوازی بیـرکـردنەوەی و فـەرامـۆشکردنـی لەلایەن دەسـەڵاتی تیـۆلۆجی پاپاوە لـە کـۆتایی سـەدەی نۆزدەدا).[٧]

کەواتە گـۆڕینی کۆن بـە تازە، پرۆسـەیەکـە لە پڕێکداو لە شـەو و ڕۆژێکدا ڕوو نادات؟ گەر بەمجۆرە بوایە، ئەوا کارەکە ئاسـان دەبوو. گەر کێشەکان بەم ئاسـانیـیـە چارەسـەر بکرایە، ئەوا تـەواوی مـیللەتان دەیانتـوانی زۆر بە خێرایی پێش بکەون و بەرەوتـی شارسـتانییەتی مۆدێرن بگەنەوە. پێویستـە بەر لە بنیاتنانی هەرشتێک، دەست بە هەڵوەشـاندنەوە و لێک- شیتاڵکردنی ئەو شتـانە بکرێت کە هەیە، چونکە ئەو شتـانە ڕێگری دەکەن لە هاتنە ئارای هەموو شتێکی نوێ لە بووندا.

ڕابردوو ئـەو شـتـانـەش کـە مـیـراتی ڕابردوون، ئەگـەرچی بێگیـان و بەسـەرچوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مـەشـرووعیـەتی مێژوویی خـۆیان هەیە، بەهـۆی مـانەوەیان بە درێژایی سـەردەم و زەمـانێکی زۆر. کـەواتە دەبێت قـۆناغی نێگەتیڤ لە پرۆسـەی ئازادیدا، بکەوێتـە پێش قـۆناغی پۆزەتیڤ. ڕەنگە تاکە کارێکی پۆزەتیڤ کە لەمڕۆدا مومکین بێت، کاری نێگەتیڤی بێت، واتە لێکشیـتـاڵکردن بێت، لێکشـیـتـاڵکردنی هەمـوو ئەو شـتـانەی هەن و ئاشکراکردنی ناواخنیان لەگەڵ نیشـاندانی ڕێژەییبـوون و مێژووییبـوونیان، هەمـوو ئەمـانەش بۆ ئەوەیە تـا حـەقـیـقـەتی ئەو شـتـانە ڕوون بێـتـەوە و ئەو تەلیسمەیان لە دەور نەمێنێت. بەم پێیە دەتوانین بڵـێین ناونیشانی کتێبەکەی "تەرابیشـی"، دەکرێت بە شێوەیەکی تر تێی بگەین کە بەخەیاڵدا نەهاتووە. بە فیـعلی کوشتـارگەیەک بۆ کەلەپوور هەیە، بەڵام نەک هەر بەو مـانایەی ئەو مەبەستیەتی: واتە چەقـۆکاری ڕووناکبیرانی عەرەب بۆ پارچە پارچەکردن و لەتکردنی جەستە و یەکەتیی ناوەخۆیی کەلەپوور و شێواندنی لێکۆڵینەوە لەو بابـەتە، بگرە بەو مـانایەش دێت کـە کـەلەپوور خـوێنێکی زۆر دەڕێژێت و

قەسابخانەی بێئامان دروست دەکات، بەرلەوەی حەقیقەتی ئاشکرا بێت و ناخی خۆی بەیان بکات و نهێنییەکانی بەتاڵ ببنەوە.

ئەمجارە کوشتارگە و قەسابخانەی حەقیقی دەقەومێت، بەرلەوەی کێشەی کەلەپوور بە تەواوەتی چارەسەر بێت و یەکلایی بکرێتەوە. ئەوەی ڕاستی بێت لە واقیعی ئێمەدا وەکی "زەکی نەجیب مەحموود" دەڵێت: (مردووان حوکمی زیندووان دەکەن) و رابردوو جڵەوی ئێستا دەکات، نەک بە پێچەوانەوە. بەڵام لە ئەوروپا ئێستا ئاراستەی رابردوو دەکات. ناتوانین لە دەست مردووەکان و دەسەڵاتیان رزگارمان بێت، بەرلەوەی ئەو کێشە مێژووییانەیان لەگەڵدا یەکلا نەکەینەوە کە بۆتە میرات و بارێکی قورس بەسەر شانمانەوە. ئەوەتا یەکلایکردنەوەی کێشە مێژووییەکان لە سەر زەمینی واقیع دەستی پێ کردووە: لە جەزائیرەوە بۆ تونس، لە میسرەوە بۆ یەمەن و لە عێراقەوە بۆ ئەفغانستان.... تۆ بڵێی فیکری رەخنەیی ئازاد لەسەر زەمینی ئیسلام لە دایک بێت، ئاخۆ لەدایکبوونی ئەو فیکرە رەخنەییە بەرلە یەکلاکردنەوەی کێشەکان دەبێت یان دوای ئەوە؟

ئایا فیکر پێش بزاوتی واقیع دەکەوێت یاخۆ شان بە شانی دەڕوات؟ پێموایە (ئەوەندەی پێوەندی بە خۆمەوە هەیە)، یەکلاییکردنەوەی مەسەلەکان لەسەر ئاستی تیۆری بە ئەنجام ناگات، بەرلەوەی لە ڕووی عەمەلییەوە یەکلایی نەبێتەوە، واتە دوای ئەوەی باجێکی قورس و گران دەدرێت. چونکە ئەوە دژواری واقیعە کە بەبێ ویستی خۆمان ناچارمان دەکات بەوەی پرسیار بکەین و لێرە بەدواوە ئەو پرسیارانە دوانەخەین و سەری خۆمان نەکەین بەژێرەوە، وەکی ئەوەی تا ئێستا کردوومانە. ئەزموونەکانی مێژوو فێریان کردووین پێویستە کارەساتێکی راستەقینە بقەومێت، ئەوکات دەتوانین پرسیارێک ئاراستەی پنتێکی بچووکی کەلەپوور بکەین... لەبەر ئەوە من بۆ یەکەم جارە گەشبینم و یەکەمین جارە هەست دەکەم مێژوو لە

واقیعی ئێمەدا دەجووڵێت. ئەمەش وای کردووە بەرە بەرە لە زۆنە گەرم و گوڕەکانی حەقیقەت و موقەدەس نزیک بینەوە. بەڵام ئەو ئازادییەی "زەکی نەجیب مەحموود" بانگەشەی بۆ دەکات (خاڵی لاوازی ئەویش لێرەدایە)، وا دیارە گرینگیی زۆر بەو کۆسپ و بەربەستانە نادات، یان رەنگە نەزانێت ئەو پرۆسەیە چ هەوڵ و ماندووبوونێکی دەوێت.

ئەو پێیوایە ئەو خەڵکە هەموو وەکی خۆی ئازادن، وەکی ئەوەی تەواوی گەلانی ئیسلامی وەکی خۆی دەرفەتی خوێندنی فەلسەفەیان لە گەورە زانکۆکانی خۆرئاوا بۆ رەخسابێت! یان رەنگە پێی وابێت تەواوی رۆشنبیرانی ئێمە- بە تایبەتی خۆی-، لە گرێ و گواڵی کەلەپوور رزگار بوون، هەر لەبەرئەوەی پەیرەوی تیۆریاگەلێکی وەک بوونخوازی و پۆزەتڤستی لۆجیکی و مارکسیزم و بنەماخوازی و هتد، کردووە. ئەم بۆ خۆی جگە لە وەهمێک شتێکی تر نییە، هەر بۆیە دەبێت پەردەی لە ڕوو هەڵماڵین و سەرکۆنە بکرێت. رۆشنبیریی ئێمە بەهەڵەداچووە گەر پێی وا بێت ئەو هەر لەبەرئەوەی شوێن مۆدێرنەکەوتووە، ئیتر ئازادە و رزگاری بووە. ئازادبوونی ڕاستەقینە تەنیا ئەو کاتە دەستەبەر دەبێت کە بنیاتی کۆن هەڵبوەشێنرێت. پێویستە هەڵوەشاندنەوەش بگاتە قووڵترین پنت و تا چینەکانی ژێرەوە بچێت. ئازادی راستەقینە (یان مۆدێرنەی راستەقینە)، پرۆسەیەکە خود لە بەرامبەر خۆیدا بەگەڕی دەخات، لە پێناو گۆڕینی خۆیدا- واتە گۆڕینێک لەناوەوە نەک لە دەرەوە-.

بەم جۆرە دەکرێت هاوسەنگییەک لە نێوان کەلەپوور و دەسکەوتەکانی مۆدێرنەی جیهانیدا دروست بکرێت. ئێمە ناتوانین ئەلتەرناتیڤێک بێنین ئامادە کراو، وەک یەدەگی ئامێرێک و بە شێوەیەکی میکانیکی لە بونیاتێکی کۆن و داڕزاوی ببەستین. تەواوی ئەو ئەلتەرناتیڤە ئامادەکراوانە شکستیان هێنا، بۆیە تەنیا ئەوەمان لە بەردەمدا ماوە کە دەست بدەینە کارە قورسەکە،

واته دەست بکەین بە گەورەترین پرۆسەی رەخنەیی و بنیاتە کۆن و بەسەرچووەکان لێکشیتاڵ بکەین، بەو ئومێدەی کۆسپ و رێگرەکانی بەردەممان رامالین و رووناکی ببینین. پێویستە ئەم گۆڕانە بە شێوەیەکی سروشتی لەناخی خۆماندا ڕوو بدات. هەر رووناکبیرێکیش لەم پرۆسە دژوارەدا بەشداری نەکات، بەرووناکبیر حساب ناکرێت. رەنگە ئەو کەسە ئەکادیمیستێکی ئاست بەرز بێت یاخۆ زانست و زانیارییەکی زۆری پێ بێت، بەڵام هەرگیز نابێتە رووناکبیر، واتە نابێتە بیریارێکی رادیکالی وەک "نیچە" و کەسانێکی وەک ئەو لە گەورە فەیلەسووفانی خۆرئاوا.

## ٣
## مشتومڕ لەگەڵ محەمەد عابد جابری

ئێستا دێینە سەرباسی مشتومڕ "تەرابیشی" لەگەڵ "محەمەد عابد جابری".
یەکەمین شت تێبینی بکەین ئەوەیە زمانی "تەرابیشی" بەرامبەر بەم نووسەرە مەراکیشییە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا شۆرەت و نێوبانگێکی زۆری پەیدا کرد، توندی پێوە دیارە. هەموو ئەو شتانەی "جابری" نووسیونی بێکەڵک و خراپ نین، نووسینی ئەو بەزمانی عەرەبی، لە وڵاتێکی وەک مەراکیشدا کە شالاوی زمانگەلێکە بیانی لەسەرە، وامان لێ دەکات بەرامبەری هەست بە ڕێز و ستایش بکەین. چونکە زۆرێک لە هاوەڵانی و لەوانەی لە ئاستی ئەودان، نازانن بە عەرەبی بنووسن یان نایانەوێت پێی بنووسن. ڕاستە لە پراکتیزەکردنی ئەو میتۆدانەی پێی وایە هی خۆین زۆر دەکەوێتە هەڵەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شەرەفی ئەو هەوڵ و ڕەنج بەخەرجدانەی بۆ دەمێنێتەوە. شایەنی باسە "جابری" گەر تەنیا ئەو میتۆدانەی پراکتیزە بکردایە کە بە چاکی دەستی بەسەریاندا دەشکێت، ئەوا گەلێک ئەرکی قورسی لە کۆڵی خۆی دەکردەوەو پشووی دەدا. بەڵام ئەو ویستوویەتی پڕکێشی زیاتر بکات، ئەمەش وای کردووە بکەوێتە هەڵەوە.

ئەو باس لەوە دەکات کە میتۆدی ئەپستمۆلۆجی، بە تایبەتیش میتۆدی "میشێل فۆکۆ" و چەمکی (ئەپستیم) بەسەر کەلەپووردا پراکتیزە دەکات. بەڵام لە ڕێی قسەکانیەوە و ئەو شتانەشی "تەرابیشی" لە بارەیەوە باسی دەکات، تێ دەگەین لەو چەمکە حاڵی نەبووە لەناو ژینگە ڕۆشنبیرییەکەی خۆیدا، ئەی کەواتە چۆن دەتوانیت بەباشی بەسەر کەلەپوورێکی فیکری تردا

پراکتیزەی بکات، جیاواز لەو کەلەپوورەی لە پێناویدا فۆرمەلە بووە؟ با گوێ لە "جابری" بگرین بزانین چۆن چۆنی جیاوازی لە نێوان قوتابخانەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی عەرەبی و قوتابخانەی وڵاتانی خۆرئاوای عەرەبی لە بواری فەلسەفەدا دەکات: (فەلسەفەی عەرەبی- ئیسلامی لە خۆرهەڵات ئاراستە و ئەپستمیەتێکی تیۆلۆجییانەی هەبوو، ئەویش لەبەرئەوەی نوقمی ناو ئیشکالیەتی گونجاندنی فەلسەفە و ئاین بوو، بەڵام فەلسەفە لە مەراکیش و ئەندەلوس، خاوەنی ئەپستمیەتێکی زانستی و ئاراستەیەکی عەلمانی بوو، ئەویش بە هۆی قوتاربوونی لەو جۆرە ئیشکالیەتە). (ئێمە و کەلەپوور، ل ١٢).

ئەم قسانە هەر زۆر بێمانان و بگرە بەڵگەی بێ ئاگاییـیە لە ئەپستمۆلۆجیاو چەمکی (ئەبستم)یش. بەکارهێنانی وتەزای (تیۆلۆجی ئەبستمی) و (زانستی ئەبستمی)، بەڵگەی تێنەگەیشتنە لەو چەمکە سێنتراڵییەی "مێشێل فۆکۆ" لە ساڵی ١٩٦٦ و لە سەروەختی بڵاوکردنەوەی کتێبی (وشەکان و شتەکان)دا فۆرمەلەی کرد. ئەم کتێبە (واتە وشەکان و شتەکان)، هەر چوار سەد لاپەڕەکەی تایبەتە بە فۆرمەلەکردنی تاکە زاراوەیەک لە فیکری مۆدێرندا، کە ئەویش چەمکی (ئەپستیم)ە.

ئاخۆ دەبێت ئەم (ئەپستیم)ە چی بێت؟

وەکی دەزانرێت "میشێل فۆکۆ" لەو کتێبە بەناوبانگەیدا باسی لە چۆنیەتی گەشەکردنی فیکری خۆرئاوا کردووە، لە سەردەمی ڕێنیسانسەوە تا ئەمڕۆ و لەو مێژووەشدا پەی بە دوو دابڕانی ئەپستمۆلۆجی گەورە بردووە، یەکەمیان لەگەڵ چرکەساتی "دیکارت"دا دەست پێ دەکات لە سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەمدا و سەردەمی کلاسیکی لە زانستی ئەرستۆتالیسی و دنیابینیی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ بوون لەیەکتر جیا دەکاتەوە. دووەمیشیان لەگەڵ "کانت"دا دەست پێ دەکات لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەمدا و دەبێتە

سەرەتای دەسپێکردنی قۆناغی مۆدێرنەی فیکری کە تا ساتەوەختی ئەمڕۆش بەردەوامە. ئەم قسانەش دەکەین سەرەڕای ئەوەی ئەوان هەنووکە باس لە گواستنەوە بۆ قۆناغێکی نوێ دەکەن کە قۆناغی پۆست مۆدێرنەیە.

"میشێل فۆکۆ" چەمکی (ئەپستیم)ی بۆ ئەوە هێنا، تا کایەی مەعریفی سەدەکانی ناوەڕاست و کایەی مەعریفی کلاسیک و کایەی مەعریفی مۆدێرنی پێ لەیەک جیا بکاتەوە. لە سەروبەندی ئەم گەڕانەیدا "فۆکۆ" ئەوە دەدۆزێتەوە کە لە نێوان ئەم سێ قۆناغەدا، دابڕانێکی تەواوەتی (دابڕانی ئەپستمۆلۆجی) هەیە. ئەو پێیوایە ئەپستمیەتی سەدەکانی ناوەڕاست (واتە ئەو سیستەمە فیکرییەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا باو بووە)، جیاوازە لە ئەپستمیەتی سەردەمی کلاسیک و مۆدێرن. شایەنی باسە چەمکی (ئەپستیم) داهێنراوی "فۆکۆ" نییە، لەبەرئەوەی زۆر لە مێژە لە زمانی یۆنانیدا هەیە و بە مانای زانست دێت. ئەپستمۆلۆجیاش بەمانای زانست ناسی و تیۆریای زانین دێت. بەڵام ئەو مانایەی "فۆکۆ" لە (وشەکان و شتەکان)دا بەم چەمکەی دەبەخشێت، خۆی دایهێناوە و بۆ ئەو دەنووسرێت. ئەڵبەتە هەمیشە جیاوازی لە نێوان مانای فەرهەنگی و مانای ئاسایی رۆژانەی زاراوەیەکدا هەیە. ئەوە تەنیا بیریارە مەزنەکانیش دەتوانن زاراوەی گەورە فۆرمەلە بکەن.

بازانین چەمکی (ئەپستیم) بە مانا فۆکۆییەکە یانی چی؟

(ئەپستیم) لای "فۆکۆ" واتە ئەو سیستەمە فیکرییەی لە ماوەیەکی دیارکراو و لە ژینگەیەکی دیاریکراودا باڵادەستە و بەشێوەیەکی شاردراوە کۆنترۆڵی سەرجەم زانین و زانستە باوەکان دەکات لەو ماوەیەدا. واتە (ئەپستیم) بەجۆرێک لە جۆرەکان برێتییە لە(ناخود ئاگای مەعریفی) کە جڵەوی بەرهەمی زانستە جیا جیاکان دەکات، بەڵام بەبێ ئەوەی بەئاشکرا دیار بێت و دەربکەوێت، لەبەرئەوەی لە ئاستی ژێرەوە و لە قوڵاییەکی ئارکۆلۆجیدا

پەنهانە. لێرەوە چەمکی ئارکۆلۆجیای فیکر دێتە ئارا. "فۆکۆ" کە تاوتوێی فیکر دەکات و لە فیکر دەکۆڵێتەوە ئەم کارە لەسەر ئاستی قووڵترین چین دەکات، نەک لەسەر ئاستی ڕووکەشانەی گوتار. بەم پێیە ئەو دەچێتە ریزی بیریارە رادیکالەکانی وەک "نیچە".

دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٦دا کتێبەکەی "فۆکۆ" بڵاوبووەوەوە، کاردانەوەیەکی زۆر و هەرایەکی گەورەی لە ناوەندە ئەپستمۆلۆجی و فەلسەفییە فرەنسی و بیانییەکاندا دروست دەکرد. هەروەها تێرمی "ئەپستیم" لەلایەن دەیان توێژەر و بیریارەوە تاوتوێ کرا و لەو پێناوەشدا لاپەڕەیەکی زۆرو زەوەند ڕەش کرایەوە. گرینگترین رەخنەیەک ئاڕاستەی "میشیل فۆکۆ" کرابێت، پێوەندی بەسروشتە قەتعیەی دابڕانەوە هەبوو، واتە چۆنیەتی لە پڕ و ناکاوی گواستنەوە لە ئەپستمیەتێکی دیاریکراوەوە بۆ ئەپستمیەتێکی تر (یاخۆ لە سیستەمێکی بیرکردنەوەوە بۆ سیستەمێکی بیرکردنەوەی تر).

"فۆکۆ" لەژێر باری ئەو ڕەخنانەدا (بەتایبەتی ڕەخنەی زانای مەزنی ئەپستمۆلۆجیا جان بیاجێ) ناچاربوو، کەمێک دەسکاری ئەو تێرمە بکات و فۆرمێکی گونجاوتری بداتێ، ئەم کارەشی سێ ساڵ دوای (وشەکان و شتەکان) کرد، کاتێک کتێبە میتۆدییە بەناوبانگەکەی بەناوی (ئارکیۆلۆجیای مەعریفە) وە لە ساڵی ١٩٦٩ دا بڵاو کردەوە. "فۆکۆ" لەم کتێبەیدا هەوڵی داوە پردێک لەنێوان ئەپستیمی پێشتر و دواتردا دروست بکات، بۆ ئەوەی وا دەرنەکەوێت کە دابڕان لەنێوان سیستەمەکانی فیکردا بەدرێژاییی مێژوو، دابڕانێکی عەدەمی و ڕەهان.

زۆر بەکورتی ئەوە سەربوردەی چەمکی (ئەپستیم) بوو. بەڵام بابزانین "جابری" چی لێ کردووە و چۆن چۆنی تێی گەیشتووە؟ لێرەشەوە کێشەکان دەست پێ دەکەن. بەئاشکرا دیارە کە "جابری" بەچاکی لە زاراوەکە

نەگەیشـتووە، بۆیە ئاکامی پراکـتیزەکردنی بەسـەر کـەلەپووری عـەرەبی – ئیسـلامـیدا مـایەی نائومـێدییە. چونکە ئەو جیـاوازییـە قـووڵەی "جـابری" بۆ نموونە لـەنێـوان (بەیان) و (عـیـرفـان)دا دەیکات مـانـای تێـدا نـیـیـە. هزری ئیسـلامی بەسـەرجەم ئاینزا و ڕێبازەکانیەوە (لەسوننە و شیعە و ئەبازی...)، سـەر بە قـۆناغی ئەپسـتـمی سـەدەکـانی ناوەڕاسـتـە کـە "فۆکۆ" بەشـێـوەیەکی جـوان لەپـێشـەکی کـتـێبی (وشـەکـان و شـتـەکـان) دا، باسـی دەکات. هزری ئیسـلامـی سـەر بەگەردوونی ئەقـڵییەتی سـەدەکانی ناوەڕاسـتـە، واتە سـەر بەو دنیایەیە کە "ئەلیکسەندەر کوایری" بە گەردوونی داخراو ناوی دەبات.

بۆ سـەلماندنی ڕاسـتی ئەم قسـەیەش، هێندە بەسـە سـەرنجێکی خـێرا لە گوتاری ئاینزاکانی ئیسلام بدەین کە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش بەردەوامن.. ئەمە نە نەنگییە و نە لە بەهای کەلەپووریشـمـان کـەم دەکاتەوە، چونکە هـەردەبوو وابوایە. لێرەدا پێویست ناکات جیاکاری لەنێوان ئاینزا ئیسـلامـییـەکاندا بکەیـن. سـەرەڕای هـەمـوو جـیـاوازیـیـە ئـایدۆلۆجـیـیـەکـان و سـەربـاری ئەو مشـتومڕە توند و تەنـانەت ئەو ململانـێ بێئـامـانەی لەنێوانیدا ڕووی دا، بەڵام هەموویـان دەچنەوە سـەر هـەمـان ئەپستیم (ئەپسـتیمی ئیسلامـی سـەدەکانی ناوەڕاست کە هـەمـان ئەپسـتـمی مـەسـیـحی سـەدەکانی نـاوەڕاسـتـە). بەڵام لێرەدا کێشـە لەگـەڵ هەندێک لە مـوعتـەزیلەکاندا هـەیە، بەتایبـەت لەگـەڵ ئەو فـەیلەسـووفـانەدا کـە لە بواری ئەقلێندندا (جـابری ئەمـە بەئاقـاری بورهـان ناودێر دەکات)، لە خـەڵکانی تر پڕکێشی زیاتریان کرد. ئایا دەکرێت بڵێین ئەوانە بـەتەواوەتی لەگـەڵ ئەپسـتـیـمی سـەدەکـانی ناوەڕاسـتـدا دابڕانیـان کـردووە و بوونەتە کـەسـانێکی (زانسـتـخـواز یان عـەلمانی) وەکی "جـابری" دەڵێت؟

پێموایە "جابری" لێرەدا دەکەوێتە هەڵەیەکی ئەپستمۆلۆجی زەقەوە. ئەو لە قـۆناغ بەندی ئەپسـتـیـمـۆلۆجی بۆ فـیکری عـەرەبی – ئیـسـلامـی دەکـەوێتـە

هەڵەوە. ئەمەش دەرەنجامی هەڵەو مەترسیداری لێ دەکەوێتەوە. لێرەدا خەسڵەتی ئایدۆلۆجی تێزەکانی "جابری" ئاشکرا دەبێت، دوای ئەوەی ئەو ڕووپۆشە ئەپستمۆلۆجییەی لێی دادەماڵرێت. جیاوازیکردن لەنێوان فەیلەسووفانی خۆرئاوای عەرەبی و فەیلەسووفانی خۆرهەلات، لێرەدا هیچ مانایەکی نابێت، لەبەرئەوەی ئەو ئیشکالییەتە سەرەکییەی مژۆڵی کردبوون یەک شت بوو: ئەویش ئیشکالییەتی گونجاندنی پێکەوەی نێوان ئەقڵ و نەقڵ یان نێوان (حیکمەت و شەریعەت) بوو وەکی "ئیبن روشد" دەڵێت.

پاشان من نازانم "جابری" چۆن گەیشتە ئەوەی بڵێت : (فەلسەفەی ئیسلامی لە مەراکیش و ئەندەلوس لە ئیشکالییەتی گونجاندنی نێوان ئاین و فەلسەفە رزگاری بووبوو!)، ئەم قسەیە سەد دەرسەد هەڵەیە. ئەقڵانییەتی "ئیبن روشد" هەرچەندە مەزنیش بێت، بەڵام هەر ناتوانین بە ئەقڵانییەتی "ڕێنیە دیکارت" ی بەراورد بکەین کە یەکەمین قۆناغی مۆدێرنەی دەست پێ کرد و دووەمین قۆناغیش لەگەڵ "کانت"دا هاتە ئارا.

ئەو (ئەپستیم)ە یاخۆ (ئەو سیستەمی بیرکردنەوەیەی) بەسەر ئەقڵانییەتی "دیکارت" دا زاڵ بوو، دوای ئەوەی هەموو پێوەندەییەکی خۆی بە فەلسەفەی سکۆلائیسی و ئەرستۆتالیسییەوە پچڕاند، هەمان ئەو ئەپستمی (ئەو سستمی بیرکردنەوەیە نییە) کە بەسەر ئەقڵی "ئیبن روشد" ەوە بووە. ئەوە هیچ لە گرینگی و گەورەیی "ئیبن روشد" و هەوڵ و ماندووبوونی ئەو لەپێناو سەپاندنی ئیجتیهاد و فیکری ئازاد لە کایەی عەرەبی – ئیسلامیدا کەم ناکاتەوە.

"دیکارت" لە کاتێکدا دەرکەوت و دەستی بەفەلسەفاندن کرد کە دۆزینەوە زانستییە نوێیەکان لەسەر دەستی "کۆپەرنیکۆس" و "گالیلۆ" و هاتنە ئارا و وێنەی گەردوون و جیهان گۆڕان و سیستەمی بیرکردنەوەی کۆن سەرلەبەر هەرەسی هێنا، بەڵام "ئیبن روشد" لەسەر بنەمای لۆجیکی "ئەرستۆ" و

گەردووناسی "بەتلیمۆس" و وێنەی کۆنی دنیا و گەردوون فەلسەفاندنی دەکرد. سیستەمی بیرکردنەوەی ئەرستۆتالیسی – سکولائیسی (سیستەمێک کە بەدرێژاییی چەندین سەدە هاوولاتیانی ئەوروپایی و ئیسلامی لە چوارچێوەیدا ژیانیان دەکرد)، لەگەڵ دەستپێکردنی "رینیە دیکارت" بە فەلسەفاندن و پێشکێشکردنی کتێبە ناوازەکەی (وتارێک لەبارەی میتۆد) بەجیهان، درزی تێ کەوت و دەستی بە داڕمان کرد.

کەواتە جیاوازییەکی چۆنایەتی (واتە ئەپستمۆلۆجی)، لەنێوان فەلسەفاندنی "دیکارت" و فەلسەفاندنی "ئیبن روشد"دا هەیە، بەلام لە ڕووی چۆنایەتییەوە هیچ جیاوازییەک لەنێوان فەلسەفاندنی "فارابی" و "ئیبن سینا" و تەنانەت "غەزالیش" دا نییە، سەرەڕای هەموو ئەو شتانەی لە نێوانیاندا ڕووی دا.

سەرجەم فەیلەسووفە ئیسلامییەکان (هەروەها فەیلەسووفە مەسیحییەکانی پێش دیکارت)، سەر بەگەردوونی ئەقڵی میتافیزیکی ئەرستۆتالیسی و وەحی یەکتاپەرستی (یەهوودی- مەسیحی ـ ئیسلامی)ن. ئەمە ئەو چوارچێوەیە بوو کە ئەوانە بیریان تێدا دەکردەوە و لە دەرەوەی ئەمەدا، بیرکردنەوە لە شتی تر مەحاڵ بوو، تەنانەت بۆ خەڵکانێکیش کە زۆر بلیمەتیش بووبن. دەبوو گۆڕانکاری گرینگ و چارەنووسساز لە سیستەمی بیرکردنەوەدا ڕووی بدایە، تا ئەو ئەپستمیەی بالادەست بوو بەسەریاندا هەرەسی بهێنایە و ئەپستمیەتێکی تازە لەدایک بووبوایە، واتە فەزایەکی نوێ بۆ بیرکردنەوە بهاتایەتە ئارا. لێرەوە زاراوەگەلێکی ئەپستمۆلۆجی وەک: (بیرلێ کراوەو بیر لێ نەکراوە، لە ژینگەیەکی تایبەت و ساتەوەختێکی دیاریکراودا) دروست دەبێت.

فیکر وەکی ئەوەی ئێمە پێمان وایە بەو رادەیە ئازاد و سەربەخۆ نییە، بگرە دەرگیری کۆمەڵە هۆکارێکی مادی و مەعنەوی، ناوەخۆ و دەرەکی،

ئاگایی و ناخود ئاگاییە. (لەم بارەیەوە بڕوانە کتێبەکەی میشێل فۆکۆ – سیستەمی گوتار – لاپەڕە ١٧٠، لەوێدا فۆکۆ باس لەو هەلومەرجە قورس و گرانە دەکات کە دەستی لە بەرهەمهێنانی گوتار، واتە گوتاری ئینسانیدا هەیە). ئێمە کاتێک قسە دەکەین و دەنووسین پێمان وایە ئازادین، بەڵام لە ڕاستیدا بەچەندین کۆت و بەندی ئاگایی و ناخود ئاگایی تەوق دراوین. ئەم کۆت و بەندانەش بیرکردنەوە لە کۆمەڵگە ئسووڵییەکاندا پەک دەخەن.

بەم جۆرە دەبینین ئەو دابەشکردنەی "جابری" لەنێوان سیستەمی (بەیان و عیرفان و بورهان)دا دەیکات، دابەشکردنێکی ڕووکەشانەیە و ئەپستمۆلۆجییانە نییە، بۆیە زۆر بڕ ناکات. ئەم سێ سیستەمە سەرەڕای ئەوەی هەموویان سەربە یەک فەزای بیرکردنەوەن، هاوکات زۆر تێکەڵ بەیەکن و بەناویەکدا چوون. "ئیبن ڕوشد" فەیلەسووف بووە و فەقیهیش بووە (گەورە دادوەری قورتوبە بووە). هەروەها "غەزالی" یش لەیەک کاتدا فەیلەسووف و فەقیه و عارفیش بووە. دەتوانین هەمان شتیش لەبارەی "ئیبن سینا"شەوە بڵێین کە پزیشکیش بووە. کەواتە تەواوی ئەو کارە زانستییانە (لە پزیشکی و گەردوونناسی و فەلسەفە و فیقهـ و زانست و تەفسیر و... هتد)، بەرهەمی یەک سیستەمی بیرکردنەوە بوون و لە ڕوانگەیەکی ئاینیی سەدەکانی ناوەڕاستەوە لە دنیایان ڕوانیوە.

لەلایەکی ترەوە "جابری" کاتێک باس لە فەلسەفەیەک دەکات کە خاوەنی ئەپستمیەتێکی تیۆلۆجییە، لەگەڵ فەلسەفەیەکدا کە ئەپستمیەتێکی زانستی هەیە، لە جێی خۆیدا نییە و لە ڕووی ئەپستمۆلۆجیشەوە هیچ ناگەیەنێت. گواستنەوە بەرەو فەلسەفەیەک کە ئەپستمیەتێکی زانستی هەبێت یان بەرەو فەلسەفەیەکی عەلمانی، هەتا ئێستاش لە جیهانی ئیسلامیدا ڕووی نەداوە، کەواتە چۆن دەکرا شتێکی وا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ڕوو بدات؟ ئەم گۆڕان و گواستنەوەیە تەنیا لە ئەوروپا و لەسەر وەختی سەردەمی

ڕۆشنگەریدا ڕووی دا، کاتێک مەشرووعییەتی ستوونی بەلادا هات و مەشروعییەتی ئاسۆیی شوێنی گرتەوە. مەبەستمان لەمەش ئەوەیە بڵێین لەو قۆناغەدا مەشرووعییەتی عەلمانی کە لەسەر مافی دەنگدانی گشتی دروست بوو، جێگەی ئەو مەشرووعییەتەی گرتەوە کە پشتی بەمافی یەزدانی پادشاکان دەبەست. ئەمەش هاوشان بوو لەگەڵ ڕمانی سیستەمی فیوداڵی و هاتنەئارای سیستەمی مافەکانی مرۆڤ و هاولاتی لە شوێنی. هەروەها هاوشان بوو لەگەڵ جێهێشتنی قۆناغی ئابووری مەڕی و مەمرە، بەرەو قۆناغی سیستەمێکی بەرهەمهێنانی مۆدێرنی بەرخۆری. لەگەڵ ئەمانەشداو بەهۆی پێشکەوتنی زانست و ئامێر و ئامرازە تەکنۆلۆجییەکانەوە، جیهانبینیی کۆن پووکایەوە و جیهانبینییەکی تازە جێگەی گرتەوە. لێرەوە حوکمڕانیکردنی مەسیحی بەپێی مەشروعییەتی یەزدانی بۆ دەسەلات هەرەسی هێناو حوکمڕانی دیموکراسی (واتە ئیرادەی گەل) جێگەی گرتەوە.

بەداخەوە بەم جۆرە دەبینین پرۆژەکەی "جابری" بەلادا دێت و دەکەوێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە نەدەستی بەسەر ئەو میتۆدەدا دەشکێت کە بەکاری دێنێت و نەتوانای تێگەشتنیشی لەو چەمکانە هەیە کە کاریان پێ دەکات. "جابری" گەر ئەم شتانەی بزانیایە، ئەوا نەدەکەوتە ئەو هەموو هەڵە زەقەوە سەبارەت بە قۆناغبەندی ئەپستمۆلۆجی بۆ فیکری ئیسلامی قۆناغبەندی ئەپستمۆلۆجی بۆ فیکر جیاوازە لە قۆناغبەندی زەمەنی یاخۆ دابەشکردنی جوگرافی.

لەوانەیە بنەماڵە حوکمڕان و پادشاکان و سەردەمەکان بگۆڕێن، بەلام سیستەمی بیرکردنەوە وەکی خۆی بمێنێتەوە و گۆڕانی بەسەردا نەیەت (بۆ نموونە تا ئێستاش سیستەمی بیرکردنەوەی سەدەکانی ناوەڕاست بەسەر بەشێکی زۆری کۆمەڵگە ئیسلامی و عەرەبیەکاندا زاڵە. تەنانەت کاریگەری لەسەر زۆرێک لە توێژی ڕۆشنبیران و سیاسەتوانانیش هەیە. کە لێرەدا

پێویست بە ناوهێنانیان ناکات). سەرەڕای هەموو ئەوانە ڕاستییەکی سەرەکی هەیە کە نابێت هەرگیز فەرامۆشی بکەین، ئەویش ئەوەیە کە قۆناغبەندی ئەپستمۆلۆجی بۆ فیکری ئیسلامی، هەرگیز وەک قۆناغبەندی ئەپستمۆلۆجی نییە بۆ فیکری ئەوروپایی. ڕاستە کۆمەڵگە و فەیلەسووفانی هەر دوولا لەمبەر و ئەو بەری کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست، بەدەست هەمان کێشە و گرفتەوە دەناڵێنن، بەڵام درککردنیان بەو کێشانە هاوکات و هاوسەردەمی یەک نەبوون.

ئەوەی بەر لە دوو سێ سەدەی رابردوو، فەیلەسووفانی ئەوروپا باسیان کردووە و خستوویانەتە ڕوو، ئێمە لە ئێستادا پێیانەوە خەریکین. لەبەرئەوەیە من وتوومە و دەشیڵێمەوە کە ئێمە هاوسەردەمی "دیکارت" و "جان جاک رۆسۆ" و "ڤۆڵتێر" و "دیدرۆ" و تەنانەت "لۆتەر" یشین لە سەدەی شازدەمدا، زیاد لەوەی هاوسەردەمی "ژان پۆل سارتەر" یان "کلۆد لیڤی شتراوس" یاخۆ "میشیل فۆکۆ" یان "یۆرگن هاپرماس" بین. ئێمە کاتێک ئەوانەی یەکەم دەخوێنینەوە، خۆمانیان تێدا دەبینین و هەمان کێشە و خولیای خۆمانیان تێدا بەدی دەکەین، لە کاتێکدا کێشە و گرفتی ئەوانی تریان دوورە لە ئێمەوە و نامۆن پێمان (وەکی کێشەی کۆمەڵگە مۆدێرنەکانی پۆست پیشەسازی).

ئەوەندە بەسە کتێبەکانی "رۆسۆ" و "ڤۆلتێر"و "دیدرۆ" بکەینەوە، تا کێشە و گرفتەکانی خۆمانیان تێدا ببینین، وەک کێشەی ستەمکاری و جیاوازی کۆمەڵایەتی و چەوساندنەوە و نەبوونی ئازادییەکان و هەژاری و دەمارگیریی ئاینی و جەنگی مەزهەبی و خێڵەکی و کێشەی نەفامی و لاوازیی ئەقڵانییەت لەناو میللەتدا، لەگەڵ کێشەی سانسۆر و بڵاوکردنەوە و گەیاندنی پەیام و بیر و بۆچوونەکان و.. هتد. نابێت ئەم قسانەمان وا وەربگیرێت وەک ئەوەی ئێمە حاشا لە بوونی ریشەی ئەقڵانییەت و مۆدێرنە و عەلمانییەت بکەین لە

کەلەپووری خۆماندا. هەروەها نابێت هەندێک وا تێ بگەن ئێمە بەیەک چاو و چون یەک سەیری تەواوی ئەو ئاقارە جیاجیایانە دەکەین کە لە فیکری ئیسلامی کلاسیکیدا پەیدابوون. هەرچی پێوەندی بەم خاڵەوە هەبێت خۆم بەنزیکتر لە هەڵوێستی "زەکی نەجیب مەحموود"و "محەمەد عابد جابری" دەزانم، نەک لە "جۆرج تەرابیشی". پەیوەست بوون بە هەندێ ئاقاری کەلەپوور یان کارەکتەرەکانی بەدەر لەوانی تر، مانای پارچە پارچەکردنی کەلەپوور و لەتکردنی یەکپارچەیی کەلەپوور ناگەیەنێت. ئەمە مافێکی رەوای هەر بیریارێکی هاوچەرخی عەرەبە. لێرەوە پێوەست بوونی "زەکی نەجیب مەحموود" بەموعتەزیلەکان و بە "ئەبو حەیانی تەوحیدی" یەوە، شتێکی ئاساییە و تێی دەگەین. هەروەها دەرگیری "جابری"ش بە "ئیبن روشد" و "ئیبن باجە"و "ئیبن خەلدوون"و "شاتبی" و سەرجەم قوتابخانەی ئەندەلوسەوە، شتێکە لە جێی خۆیدایەتی و هیچی تێدا نییە. نابێت بکەوینە داوی پۆلێنکاری و دابەشکردنی بەرتەسکەوە! کە ئایا من لەگەڵ خۆرئاوای عەرەبیدام یان لەگەڵ خۆرهەڵاتی؟

ئاشکرایە رابوونی هەر بەرەیەکیان، لە بەرەکەی تردا رەنگدانەوەی دەبێت و کاریگەری جێ دەهێڵێت. ئەگەر خۆرئاوای عەرەبی وەکی "جابری" باسی دەکات، ترۆپکی ئەقڵانییەت بووبێت لە رابردوودا و لە داهاتووشدا هەر ئەو مەشخەڵی شارستانییەتمان بۆ داگیرسێنێت، ئەوا پێشوازی لێ دەکەین. لێرە بەدواوەش هیچ پاساوێک بۆ نکوڵیکردن لەم مەسەلەیە لەلایەن خۆرهەڵاتییەکانی وڵاتانی عەرەبەوە نابینم، چونکە ئێمە لە چارەسەر دەگەرێین، نەک لە پێگە و ئەو جێ و شوێنەی چارەسەرەکەی لێوە دێت.

بایەخدان بەرووە ئەقڵانییەکەی کەلەپوور شتێکی زۆر رەوایە، بەومەرجەی لە سیاقی فیکری خۆی دەرنەهێنرێت و گەورە نەکرێت و ئەقڵانییەتی سەردەمی مۆدێرنی بەسەردا نەدرێت. چونکە هەڵوێستی ئەقڵانی یاخۆ

هەڵوێستی مۆدێرن، مێژوو دەبڕێت و مۆدێرنەی ئەوروپی رەها نییە و تاکە رێبازێکیش نییە بۆ گەشەکردن و بەرەو پێشچوون، هەرچەندە سەرکەوتووترین و کامڵترین ئەزموونێکە.

ئێمە کە ئەمەش دەڵێین دەزانین مۆدێرنەی ئەوروپی چەند مەزن و خاوەن دەسەڵات و سەرکەوتووە. لە کەلەپووری ئیسلامیدا، نوێگەری زیاتر لای موعتەزیلەکان دەبینرێت وەک لەلای حەنبەلییەکان، لای "ئیبن روشد" زیاترە تا لای "غەزالی".

گەورەترین نەهامەتییەک کە دووچاری جیهانی ئیسلامی هات، هەرەسهێنانی ئەو رەوتە ئەقڵانییە بوو لە سەدەی پێنجەم و شەشەمدا و سەرکەوتن و باڵادەستی رەوتی ئەرسۆدەکسی بەرتەسک و دۆگما بوو. "جابری" و کەسانی تریش مافی خۆیانە حەسرەتێکی زۆر بۆ ئەوە بکێشن.. سەرەڕای ئەوەش پەیبردن بەو ئاقارە ئەقڵانییانەی ناو کەلەپوور و بایەخدا پێیان کە ئاقاری ئیسلامی تەقلیدی فەرامۆشیان دەکات و بەهێندیان ناگرێت، دەبێتە مایەی دروستبوونی بڕوا بەخۆبوون و گرەوکردن لەسەر ئەو هێزە نوێیانەی تازە دروست دەبن و دێنە مەیدان.

ئەگەر باو و باپیرانمان لە سەردەم و رۆژگاری خۆیاندا، بەئەقڵانییەت و مۆدێرنەی فیکری ئاشنا بووبن، کەواتە ئێمە بۆچی ناتوانین سەرلەنوێ لە ئێستادا پێیان ئاشنا بینەوە و بیانناسین؟ کێ دەڵێت سەرکەوتنی رەوتی ئەرسۆدەکسی دۆگما بەسەر رەوتی ئەقڵانی لیبراڵ و کراوەدا، قەدەرێکی یەکجارەکییە؟ کێ چوزانێت داهاتوو بەچ ئەگەرێک ئاوسە؟

## ٤

## بەرەو داماڵینی ئەفسانە و ئایدۆلۆجیا لە کەلەپوور

پاش ئەوەی دواین لاپەڕەم لە کتێبەکەی "جۆرج تەرابیشی" خوێندەوە و کتێبەکەم داخست، دەستم کرد بە پرسیارکردن لە خۆم و وتم: (هۆی چییە کاتێک ڕووناکبیرانی ئێمە دەست دەدەنە تاوتوێکردنی کەلەپوور، دووچاری سەرلێشێواندن دەبن؟ ئەم دەستەوستانییە لە خوێندنەوەی کەلەپوور، بەشێوەیەکی ئەپستمۆلۆجی و دوور لە ئایدۆلۆجیا چییە؟ بۆچی تاکە بیریارێک پەیدا نابێت، تابتوانێت بەشێوەیەکی راست و دروست کێشەکان بخاتە ڕوو؟). وتم خستنەڕووی نەک چارەسەرکردنی، چونکە ماوەی دەستنیشانکردن و خستنەڕووی کێشەکان ماوەیەکی زۆری دەوێت. هەنووکە خەریکە دیاریکردنی پەتا و نەخۆشییە کوشندەکان دەست پێ دەکات. چارەسەرکردنیشیان وەک ڕوودانی موعجیزەیەک وایە.

من پێموایە تائێستاش هۆکارگەلێک هەن ڕێگرن لەوەی فیکر لەکایەی رۆشنبیریی ئێمەدا لەدایک بێت. لێرەدا باس لەو شتانە دەکەم کە دەکرێت بە هۆکارە خودی یاخۆ ناوەخۆییەکان ناویان بەرین:

هۆکارە ناوەخۆییەکان: هۆکارێکی شەخسی و تایبەت هەیە کە پێوەندی بە رۆشنبیران خۆیانەوە هەیە. زۆربەی زۆری رۆشنبیران لە ڕووی مەعریفی و میتۆدەوە سەر بەنەوەی کۆنن. ئەمانە شەرم دەکەن لەوەی چاو بەو میتۆدە کۆنانەی خۆیاندا بگێڕنەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پەنجاکان و چلەکان و بیستەکانی سەدەی رابردوو. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت ئەوان لەو شۆڕشە مەعریفییە بێ ئاگان کە لەماوەی سی ساڵی رابردوودا لە بواری

زانستـه ئیسنانی و کـۆمـەڵایەتی و فـەلسـەفـیـەکـاندا ڕووی داوه. ئەوەی سەرنجێکی خێرایی ئەو نووسینانه بدات باس له کەلەپوور دەکەن، دەبینێت ملکەچی ئەو شتەیه که دەکرێت بەمێژووی فیکری تەقلیدی ناودێری بکەین. ئەم مێژووەیش که له زانکۆکانی وڵاتانی عەرەبیدا بەجیا له مێژووی گشتی دەخوێندرێت، وەها مـەزەندەی فـیکر و بیـر و بۆچوونـەکـان دەکـات، وەکی ئەوەی ناوەڕۆکێکی نەگۆڕ و سەرمەدییان هەبێت و شتێکی بان مێژوویی بن. واته بەجۆرێک ئەو بیروڕایانـه نیشان دەدات وەک ئـەوەی، بوونەوەر گەلێکی خاوەن ئەقڵ بن و له دەرەوەی هەموو هەلومەرجێکی زمانەوانی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیـاسی بن. بەکورتییـەکەی ئەم مێژووه وەها سـەیری بیر و بۆچوون دەکـات، وەک ئەوەی بەسـەر ئاسـمـان و بەسـەر شـتـەکـان و له بۆشاییدا وەستابێت... ئەم تێڕوانینه بۆ مێژووی هزر و بیر و بۆچوونەکان، بەشـێکی زۆری دەگـەڕێتـەوه بۆ باڵادەسـتـیی ئەو دیدگـاچیـەتیـخـوازانەی سیستەمه تیۆلۆجی و میتافیزیکییه کلاسیکییانەی، له سایەی سیستەمه تیۆلۆجییه یەکتاپەرستی و فەلسەفـەی ئەفلاتوونیدا بووژانەوه (لەم بارەیەوه بڕوانه تیۆرەی ئایدیا نموونەییەکان لای ئەفلاتوون).

وەکی ئاشکرایه خۆرهەڵاتناسی کلاسیکی (واته تا ساڵی ١٩٦٠) لەگەڵ فیکری ئیسـلامیدا، هـەمـان دیدگـای ئایدیالیستی و نامـێژوویی بۆ فـیکر هەیبـوو (لەگـەڵ هەڵاوێردکردنی هەندێ گـەوره خۆرهـەڵاتناس کـه له کـاتی تاوتوێکردنی فـیکری ئیسـلامـیـدا، ڕەهەندی سـۆسـیـۆلۆجی و ئابووری و کـۆمـەڵایەتیـەشیـان تێکەڵ بەلێکۆڵینەوەکـەیان کـردووه، نموونەکانیـان وەک مـەکـسـیم ڕۆنسـۆن و کلۆدکـاهین). سـەرەڕای ئـەوەش گـەوره نوێنـەرانی خۆرهەڵاتناسی کلاسیکی هەمان ئەو میتۆده فیلۆلۆجی یاخۆ مێژووییـیه پـەیڕەو دەکـــەن کـــه لـه ســـەدەی نـۆزدەمـــەوه مـــاوەتەوه، زۆربـەی زۆری ڕووناکبیرانی ئێمەش لاسایی ئەوان دەکەنەوه و بەڕێی ئەواندا دەڕۆن، بەڵام له ڕووی میـتۆدی و ئەپستمـۆلۆجییـەوه هـەر مـەحکومی دیدگای تیـۆلۆجی

میتافیزیکین. ئێمە کە ئەمەش دەڵێین دەزانین چ خزمەتێکی زانستیی مەزنیان بە کەلەپووری ئیسلامی کردووە، لە ڕێی تاوتوێکردنی تێکستە سەرەکییەکانی بەشێوازێکی مێژوویی و زمانەوانیی ورد، بەوجۆرەی کە لە تاوتوێی تێکستە مەسیحییەکانی پێ کرابوو لە سەدەی نۆزدەمدا. تائێستاش ئەم پرۆسەیە پێویستی بەوەیە تەواو بکرێت و خوازیاری ئەوەین چ بەوەرگێڕان و چ بەنووسین زمانی عەرەبیش بگرێتەوە.

ئێستا ئەم پرسیارە دەکەین: (کێ بەرهەمەکانی خۆرهەڵاتناسی ئەڵەمانیمان لەبارەی کەلەپووری ئیسلامی بۆ وەردەگێڕێتەوە؟ کێ نووسینەکانی نۆڵدکە و قوتابییەکانیمان بۆ وەردەگێڕێت، ئەو نووسینانەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم؟ من پێموایە تا سەدەیەکی تریش توێژینەوەکانی نۆڵدکە لەبارەی قورئان وەرناگێڕدرێن! ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئاستی قەوارەی بیر لێ نەکراوە و ئەو شتانەی مەحاڵە بیریان لێ بکرێتەوە، لە ناو کایەی فیکری هاوچەرخی عەرەبیدا.. ڕووبەری بیر لێ نەکراوە لە واقعی ئێمەدا فراوان و بێ سنوورە، ئەمە لە کاتێکدا ئەو ڕووبەرەی ڕێ پێدراوە بەبیرکردنەوە، زۆر بچووک و سنووردارە.. یان کێ دێت و توێژینەوەکانی ئێستای جۆزیف ڤان ئیسمان بۆ وەردەگێڕێت کە باس لە کێشە و ململانێی نێوان ئاینزاو گرووپە جیاجیاکانی سێ سەدەی یەکەمی سەرەتاکانی ئیسلام دەکات؟).

ئەم کەموکوڕیە میتۆدییە شتێکی تری لێ دەکەوێتەوە کە مەترسی لەو کەمتر نییە، ئەویش ونبوونی هەستی مێژووییە لای زۆربەی ئەو ڕووناکبیرانەی ئێمە کە بەلێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنی کەلەپوورەوە خەریکن مەبەستمان لەمەش ئەوەیە کە ئەوانە ناتوانن مەسافەیەکی ڕەخنەیی پێویست لەنێوان خۆیان و ئایدۆلۆجیاکانی چواردەوریان و حەزو ویستی خۆیاندا دروست بکەن، کاتێک دەیانەوێت دەست بەلێکۆڵینەوەی کەلەپوور بکەن.

وەکو ئاشکرایە مەرجی پێشوەخت بۆ دەستپێکردنی توێژینەوەی زانستی، دروستکردنی مەسافەیەکی رەخنەییە لەنێوان لێکۆڵیار و بابەتی لێکۆڵینەوەکەدا . بەرلەوەی دەست بەنووسینی تاکە دێرێک بکەین، دەبێت بیر و بۆچوونە پێشینەکان و چوارچێوە سۆسیۆلۆجییە چڕ و زەبەلاحەکان وەلاوە بنێین. بەڵام لەبەرئەوەی کەلەپوور لە یەک کاتدا کەرەستەی توێژینەوەیە و دەرگیری ئەو ململانێیانەشە کە لە ئێستادا هەیە، ئەوا لێکۆڵیار بەزەحمەت دەتوانێت مەسافەیەکی رەخنەیی پێویست لەنێوان خۆی و بابەتی لێکۆڵینەوەکەیدا دروست بکات. بەم جۆرە لێکۆڵیاری ئێمە ناتوانێت خۆی لە ویست و ئارەزووەکانی و بڕیارە مەزهەبی و خێڵەکییە پێشوەختەکانی بەدوور بگرێت، هەربۆیە توێژینەوەکەی بارگاوی دەبێت بەو شتانە و زۆرێک لە راستگۆیی و بەهای زانستی خۆی لە دەست دەدات. ئەو ململانێ بێئامان و دژوارانەی ئێستا لە ئارادایە، کەس ناتوانێت بەئاسانی لە دەستیان قوتاری بێت.

هاوکات ئەوە هەستی مێژووییە کە وا لە توێژەرەکانمان دەکات، بتوانن بەناخی کەلەپووردا رۆبچن و لەوسەریشەوە بەسەلامەتی بگەڕێنەوە. بوونی ئەو هەستە مێژووییە وا دەکات کاتێک رۆ دەچێتە خوارەوە، بەزمانی خەڵکی ئەو سەردەمە قسە بکات و درک بەکێشە و خواستەکانیان بکات و خۆی و گرفتەکانی ئێستا لەبیر بکات. ئەگەر توێژەرەکانی ئێمە خاوەنی ئەو هەستە مێژووییە بوونایە، پرکێشی ئەوەیان نە دەکرد کە باس لە ڕاست و چەپ و لە ئیسلامدا بکەن، یان مەسەلەگەلێکی وەک کۆنەپەرستی و پێشکەوتنخوازی یان ماتریالیزم و عەلمانییەت و ئەقلانییەت و مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی، لە ئیسلامدا باس بکەن. ئەم زاراوە و وتەزا و ئەزموونانە، بەرهەمی سەردەمی مۆدێرنن و سەردەمانی کۆن بەم مەسەلانە ئاشنا نەبووە، ئاشنا نەبوونیشی پێیان لە شان و شکۆی کەم ناکاتەوە. ئەم شتانە بەکورتی بۆ ئەو سەردەمانە، دەچوونە خانەی ئەو مەسەلانەوە کە

مەحاڵ بوو بیریان لێ بکرێتەوە.

هەربۆیە گـریمانەکـردنی بوونی ئەمـانە لەو سـەردەمـانەدا، واتە بارگـاویکردنی رابردوو بە چەمک و وتەزاکـانی ئێسـتـا، ئەمـەش بۆ خـۆی گەورەترین هەڵەی مێژووییـە و گوناهێکی گەورەیە لە بواری مێژووناسـیدا. بەم جـۆرە دەبینین لێکۆڵیـارێکی وەک "مـحـەمـەد عـابد جـابری" دەتوانێت هەزاران لاپەڕە بۆ قـسـەکردن لە ئەقـڵی عـەرەبی و (رەخنەگرتن لە ئەقـڵی عـەرەبی) تەرخـان بکات، لە کاتێکدا لەو سـەردەمانەدا شـتێک بەناوی ئەقڵی عەرەبیەوە بوونی نەبووە..

ئەوەی لەو کـاتـەدا بوونی هەبوو ئەقـڵی ئیـسـلامی بوو، سـۆزی ئاینی و مەزهـەبی کاریگەری لەسـەر ئەقڵ و بیرکردنەوەی خەڵک و خـوای سەدەکانی ناوەڕاست هەبوو، تائێسـتاش لە جیـهانی ئیسلامیدا ئەو کاریگەرییەی هەر ماوە، چونکە سیستەمی بیرکردنەوە لە سیستەمی بیرکردنەوەی سەدەکانی ناوەڕاست جیانەبووەتەوە و هەمان (ئەپستیم) کار دەکات.

ڕاستـە لەو سەردەمانەشدا کەلەپوور هەر بە زمـانی عـەرەبی نووسـرابوو، جیاوازی نەتەوەییش هەبووە، بەڵام ئەوەی باڵادەست بووە و قسەکەری یەکەم بووە، ئاین و هۆکاری ئاینی بووە. هەر ئەویش بووە کە موسڵمانێکی عەرەبی و فـارسی و تورکی پێکەوە کـۆ کردووەتەوە و لە کـەسێکی مـەسـیحی جـیـا کردوونەتەوە، تەنانەت گەر ئـەو مـەسـیـحـیـیـەش عـەرەبێکی رەسـەنی سـەر بە (بەنی تەغلوب)یش بووبێت. کـەواتە پێویسـتـە بـەر لە هـەر شـتێ گـرینگی بە رەخنەگـرتن لە ئەقـڵی ئیـسـلامی یاخـۆ لە ئەقـڵی تیـۆلۆجی ئاینی بدرێت، لەبەرئەوەی عـەرەب تائێستاش قۆناغی تیـۆلۆجییان جێ نەهێشتووە، وەکی ئەوەی لە ئەوروپادا ڕووی دا. هاوکات جیاوازی نەتەوایەتیش بەروونی، تەنیا لە سـەرەتای سـەدەی بیـسـتـەم و دوای هەرەسـهێنانی ئیـمـپـراتۆریەتی عـوسـمـانی پەیدابوو. لەم سـەروبەندەدا بوو عـەرەب - بەمـوسـڵـمـان و

مەسیحییەوە- هەستیان بەگرینگیی ناسنامەی زمان و ئەدەب و کولتووری خۆیان کرد.

ناسیۆنالیزم چەمکێکی ئەورووپی مۆدێرنە و گریمانەکردنی بوونی لە سەردەمانی پێشوودا، بەمانای بارگاویکردنی رابردووە بە وتەزای ئەمڕۆ، لە کاتێکدا پێشتر ئەوەی هەبووە تەنیا جیهانی ئیسلامی بووە لە بەرامبەر جیهانی مەسیحیدا.

بەڵام ئاخۆ دەبێت هۆکاری ئەم دیاردەیە چی بێت؟ مەبەستم لە دیاردەی بارگاویکردنی کەلەپوورە. ئێمە لە بری ئەوەی رێگە بدەین خۆی قسە بکات و بەشێوەیەکی بابەتی تاوتوێی بکەین، وەک ئەوەی هەر مێژوونووسێکی پسپۆڕ دەیکات، دەچین لە بری ئەو قسە دەکەین؟ ئەی هۆکاری ئەو هەموو هەڵە مێژووییانە چییە کە خەریکە هەموو خەسڵەتێکی زانستی و هەموو بەهایەکی راستەقینە لە زۆربەی ئەو نووسینە هاوچارخانەی عەرەب دادەماڵێت کە باس لە کەلەپوور دەکەن؟ پێموایە بۆ ئەمە تاکە هۆکارێکی سەرەکی هەیە، ئەویش لاوازیی پێکهاتەی میتۆدی و نەبوونی هەستی مێژووییە. لەبەر ئەوە وای دەبینم پەیدابوونی توێژەرێکی عەرەب کە بتوانێت کێشە و گرفتەکانی کەلەپوورمان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بۆ دیاری بکات، شتێکە هێشتا کاتی نەهاتووە، لەبەرئەوەی کەسێکی لەو جۆرە دەبێت چەند مەرجێکی تێدابێت، کە لە ئێستادا ئەستەمە:

١- ئاشنایەتییەکی قووڵی بە کەلەپووری ئیسلامی هەبێت و چۆنییەتی خوێندنەوەی کتێب و دەستنووسە کۆنەکان بزانێت. کە دەڵێم بەقووڵی شارەزای کەلەپوور بێت، مەبەستم کەلەپوورە بەهەموو ئاینزاو رێبازەکانییەوە، لە سوننە و شیعە و ئەبازییە و موعتەزیلەکانەوە بۆ فەیلەسووفە عاریفەکان. هاوکات بەچاکی شارەزای ئاقاری زانستی پەتی بێت (پزیشکی، فیزیک، میتافیزیک، گەردوون، ماتماتیک،...).

٢- بەقووڵی ئاگاداری سەرجەم بەرهەمی خۆرهەڵاتناسی بێت لە سەدەی نۆزدەمەوە تائەمڕۆ (بەتایبەتی بەزمانەکانی ئەڵمانی و ئینگلیزی و فرەنسی)، چونکە دەرەنجامگەلێکی گرینگ هەن کە خۆرهەڵاتناسی پێیان گەیشتووە، بەڵام تا ئێستاش ئێمە لێیان بێ ئاگاین.

٣- تێگەیشتنێکی قووڵ لە رەوتی درێژی فیکری ئەوروپایی، لە سەردەمی شازدەمەوە تا ساتەوەختی ئەمڕۆمان. پێویستە ئەم تێگەیشتنەش بەر لە هەر شتێک بایەخ بەم خاڵە سەرەکییە بدات: تێگەیشتن لەوەی رۆحی ئەوروپایی چۆن چۆنی لە کۆت و بەندەکانی کەلەپوور رزگاری بوو، لە سەردەمی "مارتن لۆتەر"ە وە لە سەر ئاستی فەلسەفی- زانستی، تا دەگات بە سەردەمی رۆشنگەری و سەدەی نۆزدەم و پراکتیزەکردنی میتۆدی رەخنەی مێژوویی بەسەر تێکستەکانی مەسیحییەتدا. بەکورتی پێویستە ئەو کەسە ئاگاداری وێستگە سەرەکییەکانی ئەو ململانێ خوێناوییە بێت کە ویژدانی ئەوروپایی لەگەڵ کەلەپووری خۆیدا ئەنجامی دا، بەرلەوەی سەرەنجامی ئەم پرۆسەیە بە لەدایکبوونی ئایدیای مۆدێرنە و جیهانی مۆدێرن بشکێتەوە و بەرلەوەی تۆز و غوباری جیهانی کۆن لە خۆی بتەکێنێت.

٤- هەروەها پێویستە ئەو توێژەرە، ئاگاداری گرینگترین ئەو رێباز و میتۆدانە بێت کە لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا کارایی خۆیان لە بوارەکانی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکاندا سەلماندووە، وەک: (میتۆدی زانستناسیی مۆدێرن و ئەو کۆدێتا ئەپستمۆلۆجییانەی قوتابخانەی بڵاوکراوەی ساڵانە بەرپای کردن، لەگەڵ میتۆدی کۆمەڵناسی و زمانەوانی و سیمۆلۆجیاو بنیاتگەری لە خوێندنەوەی تێکست و میتۆدی بەراوردکاری ئەنسرۆپۆلۆجی و ئارکیۆلۆجیای مەعریفە بە شێوازی فۆکۆو... هتد). هاوکات پێویستە بزانێت چۆن چۆنی هەموو ئەوانە بە شێوەیەکی

گونجاو بەسەر کەلەپووری ئیسلامی و زمانی عەرەبیدا پراکتیزە دەکات.

لێرەدا مەرجێکی قورستر سەرباری ئەو مەرجە دژوارانەی پێشووتر دەخەم، ئەویش پەیدابوونی توێژەرێکە کە تا ئاستی نەخۆشی عەودالّی حەقیقەت بێت و ئامادەگی ئەوەی تێدا بێت، لە پێناویدا قوربانی بە هەموو شتێک بدات- تەنانەت بە ژیانی خۆشی- ئەگەر پێویست بکات. لەم بارەیەوە "نیچە" دەڵێت: (پەیبردن بە حەقیقەت ئەوەندەی پێویستی بە بوێری و ئازایەتی هەیە، پێویستی بە مەعریفە نییە). راستە مەعریفە و تێگەیشتن گرینگن و هاوکات خۆ خەریککردن بە باسوخواسی ئەکادیمی قووڵ و پراکتیزەکردنی میتۆد و رێبازە کاراکان پێویستن، پێشتریش هەر چییەکم باس کردووە بەم ئاراستەیە بووە، بەڵام ئەم شتانە- سەرەڕای گرینگییان- بۆ گەیشتن و پەیبردن بە حەقیقەت بەس نین، چونکە لەوانەیە لێکۆڵیارێک لە لێکۆڵینەوەکەیدا بگاتە خاڵێک لەسەر لێوارە گەرم و تۆقێنەرەکانی حەقیقەت، لەم حاڵەتەشدا ئەوکەسە دەکەوێتە بەردەم دووڕیانێک: یان ئەوەیە پڕکێشی زیاتر بکات و بەرەو پێشەوە بچێت، یان پاشەکشە بکات و دەستبەرداری ئەوە بێت.

مێژووش فێری کردووین کە بیریارە مەزنەکان- ئەوانەی قەڵەمبازی گەورەیان بە مێژوو داوە، تەنیا ئەوانە بوون کە بوێریی ئەوەیان تێدابووە لە چرکەساتە چارەنووسساز و گونجاوەکاندا دەستە و یەخەی حەقیقەت بن. لەم بارەیەوە "فرۆید" دەڵێت: (من زانا و فەیلەسووف نیم، من فاتیحم!...). بەهەرحاڵ لەم مەسەلەیەدا شتێک هەیە کە راستییەکی حاشا هەڵنەگرە و دەبێت بووترێت، ئەویش ئەوەیە: (ئاشکراکردنی حەقیقەتە شاردراوەکانی کەلەپوور، باجەکەی قورس و گرانە و رەنگە دەریایەک خوێنی بوێت).

## پەراوێزەکان:

١- یەکەم: المرض بالغرب والتحلیل النفسي لعصاب جماعي عربي. دووەم: ازدواجیة العقل: دراسة تحلیلیة نفسیة لکتابات حسن حنفي، دار بترا، دمشق، ٢٠٠٥.

٢- حەسەن حەنەفی لە دوا چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ رۆژنامەی (البیان)ی ئیماراتیدا ئەمە روون دەکاتەوە و دەڵێت: (ئیخوانەکان پێیان وابوو کۆمۆنیستم و کۆمۆنیستەکانیش بە ئیخوان موسلیمینیان دەزانیم).. بەرواری (٣٠/٨/٢٠٠٥).

٣- کێ دەوێرێت وا بکات؟ ئەمە بە هەڵگەڕانەوە لە ئاین و پێشێلکردنی پیرۆزییەکان حساب دەکرێت و سزای هەڵگەڕانەوەیش لە ئاین کوشتنە.

4- Jeffery (Arthur): The foreign vocabulary of the qur an, Oriental Institute, Baroda, 1938

٥- بڕوانە ئەو پێداچوونەوە دوور و درێژەی ئێمە پێشتر بۆ ئەم کتێبە گرینگەمان کرد و بەم دواییانە بە دوو بەش بڵاو کرایەوە:
یەکەم: التحلیل النفسي لعصاب جماعي عربي.
دووەم: ازدواجیة العقل: دراسة تحلیلیة نفسیة لکتابات حسن حنفي : دار بترا ، دمشق / ٢٠٠٥.

٦- رەنگە "جۆرج تەرابیشی" مەبەستی ئەوە بووبێت گەڕانەوەی "زەکی نەجیب مەحموود" تاکتیکی بووە، مەبەستی لەو کارەش ئەوە بووبێت کە کێشەی خۆی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ کەلەپووردا یەکلایی بکاتەوە، بەبێ ئەوەی راستەوخۆ لەگەڵ کەلەپوورخوازاندا بەریەک بکەوێت.

٧- ئەلفرید لوازی (١٨٥٧- ١٩٤٠)، زانایەکی بەناوبانگی مەسیحی- فەرەنسی بوو. دەیویست میتۆدی مێژوویی بەسەر ئنجیل و بیروباوەڕی مەسیحییەتدا پراکتیزە بکات، ئەم کارەشی بووە مایەی ئەوەی رووبەڕووی شاڵاوێکی توندی نارەزایی پیاوانی کڵێسا بێتەوە، تا گەیشتە ئەوەی پاپا "بیۆسی دەیەم" لە ساڵی ١٩٠٧دا فتوایەکی تیۆلۆجی لە دژی دەربکات. بەپێی فتواکەی پاپا دەبوو "لوازی" لە کڵێسا دەربکرێت (چونکە لە واقیعدا ئەو پیاوێکی ئاینی بوو)، هەروەها رێگەی بەهیچ کاتۆلیکییەک نەدەدا قەرەی بکەوێت و وتوێژی لەگەڵدا بکات.

ئەم کێشە فیکرییە بووە مایەی دروستبوونی قەیرانێکی قووڵ لەناو مەسیحییەتدا، کێشەیەک کە بە قەیرانی مۆدێرنێتی ناوزەد دەکرێت. ئەم قەیرانە هەرچەندە توندو بێئامان بوو، بەڵام دواجار بەخێر و چاکە شکایەوە. چونکە سەرەنجام لە مەسیحییەتدا، ئاقاری لیبرالیزم بەسەر باڵە ئسووڵییە توندڕۆیەکەدا سەرکەوت و ئەو سەرکەوتنەش بووە مایەی ئاشتبوونەوەی نێوان ئاین و ئەقڵ یاخۆ نێوان مەسیحییەت و مۆدێرنە. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەم بابەتە، بڕوانە ئەم کتێبە قەوارە گەورەیە کە لە ئێستادا بووەتە سەرچاوەیەکی کلاسیکی و لە نووسینی لێکۆڵیاری مەزن "ئەمیل بۆلا"یە:

(مێژوو، بیروباوەڕی ئاینی و ڕەخنە لە قەیرانی مۆدێرنە). لە بڵاوکراوەکانی ئەلبان میشیل، ١٩٦٢.

Emie poulat: histoire, dqme et critique dans la crise moderniste. Albino michel. Paris. 1962.s